# ئاسیمیلاسیونی کوردان و دەستی زمانەوانانی ئێرانی لەم کارەساتەدا



فازڵ ئوسوڵیان

سوید ٢٠١٨

خەڵکی کورد، لەم سەدساڵەی دواییدا تووشی دڕندانەترین هێرشی سیاسی و سەربازی لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە بووەتەوە. لەشکرکێشییە یەک لە دوای یەکەکان، ڕەشەکوژی، لەسێدارەدان، تێرورکردن، ئەشکەنجە، زیندان و دوورخستنەوە لە وڵات بەشێکی بەردەوامن لە سیاسەت و کردەوەی دەسەڵاتدارانی داگیرکەر لە هەمبەر داخۆازییە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان. ئەم هەڵسوکەوتە نامرۆڤانەیە لە دژی گەلی کورد بەداخەوە ئیتر وەک نەریتێکی ئاساییی ڕۆژانەی لێ هاتووە. ڕۆژ نییە کە هەوالی گرتن، لەسێدارەدان یان کوشتنی شۆڕشگێرێک، کرێکارێک، کۆڵبەرێک یان منداڵێک بە گوێماندا نەدەن.

بەڵام ئەم لێدان و کوشتن و تۆقاندنە تەنیا بەشێکن لە **ستراتێژییەکی بەرینتر و نامرۆڤانە** کە بە ساڵانە لە لایەن حکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە بە شێوازێکی سیستماتێک پەیڕەوی و جێبەجێ دەکرێ، ئەویش ستراتێژی **ئاسیمیلاسیون و پاکتاویی نەتەوەییە**. سیاسەتی لە ڕیشە هەڵکێشاندنی نەتەوەی کورد ئەو پەڕی بەدڕەوشتییە، ئەم تاوانە وەک یەکێ لە تاوانە هەرە گەورەکانی دژ بە مرۆڤایەتی ئەژمێردرێت.

ڕێگرتن لە زمانی کوردی بە شێوازی جۆراوجۆر، ڕێگەنەدان بە خوێندن و پەروەردە بە زمانی دایک، بێ بەشکردن و لەبەرچاونەگرتنی مێژوو و فەرهەنگی خەڵکی کوردستان دەستکاریکردن، گۆڕین و دەست بەسەرداگرتنی هەموو ئاسەوارەکانی ئەدەبی و مێژوویی و کەلەپووری کوردستان لە قازانجی نەتەوەی سەردەست، ئەمانەش هەمووی بەشێکن لەو کردارە نەگریسانە کە لە پێناو جێبەجێکردنی ئەم ستراتێژییە شوومە سامناکەدا ئەنجام دەدرێ.

سەربازان و جێبەجێکارانی ئەم بەشە لە ستراتێژیی داگیرکەران تەنیا پاسداران و هێزەکانی سەرکوتکەر نین، بەڵکوو کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیران، لێکۆڵەران، مامۆستایان و زانایانی مێژوو و زمان بێباکانە و بێ شەرمانە لە خزمەت جێبەجیکردنی ئەم سیا سەتەی حکوومەتدان، کە بە بێ لەبەرچاوگرتنی پرینسیپەکانی زانستی و ئەخلاقی بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە شوومە قەڵەمەکانی خۆیان خستووەتە گەڕ. چۆن مەگەر شتی وا دەبێ کە کەسێ خۆی بە مرۆڤێکی زانا و زماناس و مێژووزان بزانێ بەڵام ئەوە نەزانێ کە **لقی زمانە ئێرانییەکانی باکووری ڕۆژاواش** هەیە؟ بیر لەوە نەکاتەوە ئاخۆ کامە ئاسەواری ئەدەبی و مێژوویی و نووسراوەبەردینە (کتیبە) پەیوەستە بەم لقەوە، و لە خۆ نەپرسێ ئاخۆ ئێستا کام زمانی زیندوی ئێرانی نوێنەرایەتیی ئەم لقە دەکات؟

بە داخێکی گرانەوە زۆربەی زمانناسانی ئێرانی دوو بەشن، توێژێکیان ئەوانن کە لە هەلومەرجی ئێستای کوردستان بەباشی تێ دەگەن و دەزانن کە باری کوردان ئەمڕۆ گرانە و پشتیان لەژێر گوشارەکانی سەربازی و سیاسی و ئابووریدا چەماوەتەوە و هەر جۆرە ناڕەزایەتی دەربڕینێکیان بێ بەزەییانە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە سەرکوت دەکرێ، هەر بۆیەش ئەمە بە دەرفەتێکی گونجاو دەزانن بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئاسەوارەکانی فەرهەنگی و مێژوویی و کەلەپووری گەلی کورد و تۆمارکردنیان وەک ئا سەواری "پارسی" و لە هەمان کاتیشدا پشتگوێخستن و نکۆڵیکردنی زمانی کوردی. توێژێکی دیکەشیان کەسانێکن کە بە ڕواڵەت خۆیان وەکوو "ڕۆشنبیرێکی" بێلایەن ئەنوێنن بەڵام لە دەروونیدا بە دڵێکی خۆش و خاترێکی ئاسوودەوە چاوەڕوانن داخوم

کەی ئەم پێواژۆی ئاسیمیلاسیونی کوردانە بە سەرەنجام دەگات و ئێرانێکی یەک زمان و یەک فەرهەنگ و یەک نەتەوە پێک دێت.

ماوەی چەند ساڵێکە خەریکی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لە دەقە کۆنەکانی ئێرانیم (مەبەستم لە ئێرانی تەنیا فارسی نییە). بە تێپەڕبوونی هەر ڕۆژێک و بە شارەزابوونی زیاترم بە وشەکان و دەقە کۆنەکان، ڕاستییەکی تاڵ و ڕەشم بۆ ڕوون بووەتەوە، کە نازانم دەبێ پێبکەنم یان نا دەبێ بۆی بگریم! بە سەرسوڕمانەوە دەبێ ئەوە بێژم کە کار و پیشەی زۆرینەی مامۆستایان، لێکۆڵەران و زانایانی فارسی زمانە کۆنەکانی ئێرانی، نەک تۆیژینەوەی زانستیانەیە بۆ خوێندنەوەی ڕاست و دروستی دەقە کۆنەکان و دەرخستن و ڕوونکردنەوەی زمانی ڕاستەقینەی دەقەکانە، بەڵکوو دەستتێوەردان و دەستکاریکردن و گۆڕانی ئەم دەقانەیە بە شێوازێک کە پەیوەستبوونی ئەم نووسراوانە لەگەڵ زمانی فارسیدا نیشان بدات. بەڵام ئەم فەرمانبەرانەی ئاسیمیلاسیونە دەبێ ئەمە باش بزانن کە قەت ناتوانن بە چێکردنی هەوری دەستکرد پێش بە تیشکی هەتاو بگرن. جاری وا هەیە کە کلکی مریشکە دزراوەکان لە بن عەبای شۆڕیان دەردەکەوێ، جا لێرەدایە ئیتر مرۆڤ نازانێ بەم "تۆژینەوە زانستیانە" پێ بکەنێ یان نا بۆ ئەو تالان و وێرانکارییە کە بەسەر زمان و مێژووی گەلەکەماندا هێناویانە دەبێ بگری و فرمێسک بارێنێ!

لێرەدا تێ دەکۆشم کە چەند نموونەیەک لە وەرگێڕان و تۆیژینەوەکانی ئەم فەرمانبەرانەی ئاسیمیلاسیونتان بۆ بگێڕمەوە، بڕیاردان لەسەر ڕاستی و دروستیی لێکۆڵینەوەکانیان دایدەنێم بۆ تۆی خوێنەری بەڕێز. بەڵام بەر لە هەر شتێک

ڕوونكردنەوەیەک بەپێویسـت دەزانم. زانسـتی مێژووی زمانناسـی، زمانەکانی ئێرانی بەسەر دوو لقدا دابەش دەکات:

لقی یەکەم: زمانەکانی ئێرانیی ڕۆژهەڵاتی.

لقی دووەم: زمانەکانی ئێرانی ڕۆژاوایی.

دیسانەوە زمانەکانی لقی ڕۆژاوایی دەکاتە دوو بەشەوە:

بەشی یەکەم: زمانەکانی باکووری ڕۆژاوا کە کوردی سەرەکیترین زمانیەتی.

بەشی دووەم: زمانەکانی باشووری ڕۆژاوا کە فارسی سەرەکیترینیەتی.

زانایانی بواری زمانناسـی، **زمانە کۆنە کانی "ئێرانی"** ئاوا پۆلین دەکەن کە زمانی فارسـیی کۆن (فارسـیی سـەردەمی هەخامەنشـییەکان) سـەر بە بەشـی باشـووری و زمانەکانی مادی و ئەوێسـتایی سـەر بە بەشـی باکوورین. دیاکۆنۆڤ لە کتێبی مێژووی ماد (وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران، ١٣٤٥ ل.پ ٨٨-٨٩) دەنووسێت:

"زمانی مادی لە شـەش ڕووەوە لەگەڵ زمانەکانی تری کۆنی ئێرانیدا بەراورد کراوە، لەگەڵ زمانی ئەوێستایی تەنیا لە یەک ڕووەوە لەگەڵ زمانی ئەشکانی و سکیتی لە دوو ڕووەوە و لەگەڵ سـوغدی و خۆارزمی (تەنانەت بەوەشـەوە کە زمانەکانیان هاوکاتیش نەبوون) لە سـێ ڕووەوە بەڵام لەگەڵ فارسـیی کۆندا لە هەر شـەش ڕووەوە لەیەک جیاوازن کەچی بەراوردکردنەکانی نێوان زمانەکانی مادی و پارسـی هی یەک سـەردەم بوون".

هەروەها لە سەر زمانەکانی "سەردەمی میانە" واتا سەردەمی پاش هەخامەنشییەکان، هێندێک نووسراوە و نووسرواەبەردینە (کتیبە) بە دوو شێوەزمان بەجێ ماون، یەکێک لەوانە زمانی پەهلەویی ئەشـکانییە کە دەچێتە خانەی زمانەکانی "باکووری ڕۆژاواوە" ئەوی دیکەش زمانی سەردەمی ساسانییەکانە کە بە پارسیک و هێندێ جاریش بە هەڵە پەهلەویی ساسانیشی پێ دەڵێن کە دەچێتە خانەی زمانەکانی "باشووری ڕۆژاواوە". لەم بارەوە دیاکۆنۆڤ لە کتێبی مێژووی ئەشـکانییەکاندا (لە وەرگێڕانی کەریمی کشـاوەرز، تاران، چاپی دووەم، ل.پ ١١٦) دەنووسـێ: لە سـەردەمی "پەرتەکاندا (ئەشـکانیان)، زمـانی یـونـانـیش وەک وڵاتەکـانی تـری لای ڕۆژهەڵات بـبـووە زمـانـی هـاوبەش، (مەبەسـتیەتی بڵێ ببووە زمانی هاوبەشـی دەسـەڵاتداری و کارگێڕی= نووسـەر)، بەڵام بەتەنیا ئەم زمانە نەبوو کە فەرمی بوو، بۆ کاروباری ناوخۆیی و کارگێڕی لەو شوێنانەدا کە ئەشـکانییەکان دەسـەڵاتداربوون، زمانی پەرتی (ئەشـکانی) کە **یەکێ لە لەهجەکانی باکووری ڕۆژاوای ئێران [ کوردسـتان= نووسـەر] بوو، زۆر زیاتر "ڕەواجی"[1] بووە. یەکێ لە قە باڵە کانی هەورا مان (ژ مارە ٣) و هەروە ها چە ند تۆ مار ێک کە لە "دورا-ئوروپوس"دەرکەوتووە بەم زمانە نووسراونەتەوە.**

لەوانەی گشت زماننا سانی ئێرانی لە باری تیۆرییەوە لەگەڵ ئەم دابە شکردنەدا بن، من تا ئێسـتا نەمدیوە و نەمخوێندووەتەوە کە زانایەک و یان زمانناسـێکی ئێرانی دژ بەم بۆچوونە و دژ بەم تیۆرییە بێت. بەڵام لە مەیدانی کردەوەدا وتارەکانیان و کردارەکانیان شـتێکی ترمان پێ دەبێژن، لە کردەوەدا زانایان و مامۆسـتایانی زمانی فارسـی نە لقی

[1] ڕەواج لە بنەڕەتدا وشەیەکی کوردییە، لە پەهلەویدا وەک "ڕەواگ" هاتووە، لە کتێبەکانی درەختی ئاسوورێک وهەروەها لە ئەردەویرافنامەشدا هاتووە.

ڕۆژهەڵاتی دەناسـن و نە لقی ڕۆژاوایی و نە بڕوایان بە زمانەکانی باشـووری ڕۆژاوا و باکووری ڕۆژاوایش هەیە! لە ڕووانگەی ئەمانەوە زمانەکانی ئێرانی لە سەردەمی کۆندا هەر "پارسیی باستان"بووە، لە سەردەمی میانەدا هەر "پارسیی میانە" و لە ئێستاشدا هەر زمانی فارسییە. لە بیر و مێشکی ئەمانەدا بیجگە لە فارسی هیچ زمانێکی تر نە لە کۆندا و نەش لە ئێستادا لە ئێراندا نەبووە و نییە! جا هەر بۆیە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونە چەوتەی خۆیان دەستیان داوەتە دەستتێوەردان، دەستکاریکردن و گۆڕانی تۆمارە ئەدەبی و مێژووییەکانی سـەردەمی کۆن و بەجۆرێک ئەم دەقانە وەردەگێڕنەوە کە پێوەندیی هەموویان بە زمانی فارسییەوە پێشان بدەن و لە هەمان کاتیشـدا لە هەر جۆرە ئاماژەیەک بە پەیوەستبوونی ئەم بەڵگانە بە زمانی کوردی خۆ دەپارێزن. بەڵام ئەمە بە ئاسـانی بۆیان نالوێ، هێندێک جار کلکی درێژی کەڵەشـێری دزراو لە بن عەبای ڕەشیان دەردەکەوێ، دڵنیام کە زۆر ناخایەنێت کە پەردە لە سەر ئەم جۆرە تۆژینەوەی بەمەبەستانە ڕادەماڵدرێت.

**تێبینییەک:** مەبەست لە دەستەواژەی "زمانناسـان و لێکۆڵەرانی زمانی فارسـی" لەم وتارەدا، نەک هەموو زانایان و زمانناسـانی ئێرانی بەڵکوو ئەو تۆێژە لە لێکۆڵەران و زمانناسانی مەبەستە کە خاوەنی بیروبۆچوونی پان ئێرانیستی و پان فارسیستین و هیچ جۆرە مافێک بۆ زمان و فەرهەنگی دانیشـتووانی وڵاتی ئێران کە بە زمانێکی تر جگە لە فارسی قسە دەکەن ڕەوا نابینن.

لێرەدا چەند نموونەیەک لە نووسـراوەکان و هەروەها کاری لێکۆڵینەوەیی ژمارەیەک لە زانایان، لێکۆڵەران و زمانناسانی بەناوبانگی ئێرانیتان بۆ دەخەمە پێش چاو:

١- ئەگەر لە خەڵكی دانیشتووی هەر گوندێكی كوردستان بپرسی "دیل" چییە بێگومان دەڵێ ئەو كەسەی كە لە شەڕدا دەگیردرێت واتا بە عەرەبی پێی دەڵێن "ئەسیر (اسیر)". جا با بزانین چییان بە سەر وشەی "دیل" هێناوە و چۆن زمانەوانان و زانایانی فارس و بیانی لەم وشەیە تێ دەگەن!

**بەیتی یادگاری زەریران لە بنەڕەتدا بەیتێكی كۆنی هی سەردەمی پاد شایەتیی كەیانی (مادی)یە، كە گەیشتووەتە سەردەمی ئە شكانییەكان و دواتریش سا سانییەكان، گوایە لە سەردەمی سا سانیدا بە نووسین تۆمار كراوە. ئەم بەیتە ئەمڕۆ ئاڵوگۆڕیان بە سەردا هێناوە و كردو یانەتە پارسـی! و وەک یەكێک لە ئاسـەوارە كانی ئەدەبی پارسـی دەژمێردرێت. [شـوێنی ڕووداوە كانی ئەم بەیتە وڵاتی ماد بووە و لە كاتی قەومانی ڕووداوەكانی ناو ئەم بەیتە نە لە فارس و نەش لە زمانی فارسـی لە مێژوودا نە ناوێک هەبووە و نەش نیشانێک].**

**لەم پارچە نووسراوەیەدا، ویشتاسپ شاە نامەیەک بۆ سەركردەكانی خۆی دەنووسی و داوا یان لێ دە كا كە مانگی دا هاتوو كە دێن بۆ د یداری، "د یل"ەكەش لەگەڵ خۆ یان بهێنن، ئەگەر نەیهێنن ئەوە لە داریان دەدات.**

جا ئێستا با بزانین دوكتور "احمد تفضلی" نووسەر و زمانەوان كە یەكێ لە گەورەترین مامۆستایانی زمانە كۆنەكانی ئێرانییە چۆن وشەی "دیل" لێک دەداتەوە.

"نامه فرهنگستان ٦/ ٤ یادداشتهای پهلوی":

نووسـەر دوکتور ئەحمەدی تەفەزۆلی (احمد تفضـلی)/ وەرگێڕ جەمیلە حەسـەن زادە (جمیلە حسن زادە)، (گروە زبانهای ایرانی)[2].

"یەکێ لە گرفتەکـانی وشـەکـانی دەقی یـادگاری زریران، کە بنچینەکەی پـارتییە، وشـەی "d'l"(دیل)ە، کە هەتا ئێسـتا بەدروسـتی وەرنەگێڕدراوەتەوە، ئەم وشـەیە تەنیا جارێک لەم دەقەدا بەکار هاتووە، ئەویش ئەو کاتەی کە گوشتاسپ شاه بە فەرمانبەرانی خۆی فەرمان دەدا کە بچن لە کۆشـکەکەیدا کۆ ببنەوە بۆ ئەوەی بەڕێیان بکا بۆ جەنگ لە دژی خیونان"، دەقی نووسراوەکە وەهایە:

§ 25 ēdōn kunēd kū didigar māh ō dar ī wištāsp šah āyēd agar nē ka āyēd, ān **d'l** abāg xweštan bē nē awarēd, anōh pad dār abar framāyēm kardan[3]

**"ایدون (چنین) کنید کە ماه دیگر بە دربار گشتاسپ شاه آیید، کە اگر نیایید و آن d'l را با خویشتن نیاورید، فرمان دهم تا شما را آنجا بر دار کنند".**

پالیارۆ وشـەی **d'lی** وەک "kār / کار" ڕاست کردووەتەوە و "azione, lavor"یش وەک کار و چالاکی وەرگێڕاندووەتەوە. بەڵام بنونیسـت[4] ئەو وەرگێڕانەی ڕەت کردووەتەوە و خوێندنەوەیەکی تر وەک "dār"ی لە باتی پێشـنیار کردوە وئەوەی وەک شـێوازێکی تر لە خوێندنەوەی بەهێزی dar (دربار) دەزانێ، کە لە دەقەکەدا ئەم وشە هاتووە. وشەیەکی تر āwurdan وەک شێوەی باکووری بە واتای هاتن زانیوە و لە ئەنجامدا d'l nē āwarēdی وەک "اگر بە دربار نیایید" (ئەگەر نەین بۆ دەربار) وەرگێڕاندووەتەوە.

بەڵام ئەمەمان بۆ دەبێتە پرسیار کە بۆچی وشـەیەک لە دەقێکی ئاوادا بە دوو شـێوازی نووسـینی لاواز (dar) و بەهێز (dār) بە بێ جیـاوازی لە واتـادا بەکار هـاتووە؟ لەگەڵ ئەمەشـــدا بە دڵنیاییەوە āwurdan کرداری تێپەڕە و چ لە پارتی وچ لە فارسـیی میانە هیچ واتایەکیان جگە

---

[2] http://persianacademy.ir/UserFiles/File/NF/24/NF-24-18.pdf

[3] Pahlavi Texts, e¨ d. Jamasp-Asana, p. 3

[4] Émile Benveniste پسپووری زمانە کۆنەکانی ئێرانی بە تایبەتی زمانی پەهلەوی و ئەوێستایی.

له هێنان نییه، بەڵام d'l بەپێی ڕێزمان لەم ڕستەدا شوێنی بەرکار دەگرێتەوە. جا ئێستا با بزانین خوێندنەوە و واتای ئەم وشەیە چۆنە.

نووســینی پەهلەوی ئەم وشــەیە بە هۆی ئەوەی کە پیتی یەکەمی نیشــاندەری چەند دەنگی جۆربەجۆرە نـاڕۆشـــنە، ئەم پیتە لەوانەی وەک "g/y/j "یش بخوێنـدرێتەوە، کە وابوو ئەم وشـــەیە دەکرێ وەک d'l، g'l ویا j'l یش بێت. بەڵام لەم دەقەدا هاوشـــێوەیەکی تری ئەم وشەیە هەیە کە دروست بوونی خوێندنەوەی dār دەسەلمێنێ و خوێندنەوەکانی تر وەلا دەنێ. هەر بەو جۆرەی کە "بنونیسـت" ئاماژەی پێ کردووە، نووسـەرەکە بە ئاگابوونەوە دوو وشـەی کە هەم لە نووســین و هەمیش لە دەنگدا وەک یەکن واتا "dār"ی بەکار هێناوە، dār دووەمەکە لەم ڕەســتەیەدا هیچ گرفتێکی نییەو واتاکەی ڕۆشــنە کە بە واتای ســێدارەیە، هەر بۆیەش وشـەی یەکەمەکەش هەر دەبێ "dār" بخوێندرێتەوە. لەسـەر واتای ئەم وشـەیە، نابێ لەبیرمان بچێ کە بانگگیشـــتکراوەکان دەبێ بچن بۆ جەنگ، جا لەوانەیە کە فەرمانیان پێ درابێ کە چەکەکانیان لەگەڵ خۆیان بهێنن. لە باری ڕیشەناسییەوە دەگونجێ کە ئەم "dār"ە لەگەڵ وشـەی ئەوێستایی dāra بە واتای تێغ لە دەسـتەواژەی satō dāra، و هەر وەها زمانی خۆتنی dariä، سـوغدی مەسـیحی xγryd´r تێغەی شـمشـێر پەیوەندی هەبێ. کە وابوو ئیمە پێمان وایە کە dār بە واتای چەکی تێغەدار وەک شمشێر، خنجەر و شتی لەم جۆرەیە. لەسەر واتای تێغ وەک چەکی تێغەدار، بەراوردی بکەن لەگەڵ وشەی پەهلەوی tēx تێغ، فارسیی نوێ تیغ، چەکی تێغەدار بە تایبەتی شمشێر.

هاتنی ئەم وشەیە لە دەقەکانی تر لە کتێبی دینکرد دیسانەوە ڕاستی ئەم واتایە دەسەلمێنێ ئێمە لە نموونەیەکی دیکەدا کە لەوێدا dār لەگەل وشـەی snēh چەکی بەهێز بەکار هێنراوە بۆتانی دەگێڕێمەوە.

(نووسراوەکە درێژەی هەیە، بەڵام من هەر ئەوندەم پێ بەسە= نووسەر)

٢- چاوخشاندنێک بە دوو وەرگێڕانی کورت لە دوو پارچە لە پاپیرۆسەکانی پەهلەوی هین دواین ساڵەکانی سەردەمی ساسانی لە بڵاوکراوەکانی زانستگەی (بوعلی سینا)ی هەمەدان.

پاپیرۆسەکانی پەهلەوی: ناسین و تۆژینەوە

پیتنووسی، دەنگنووسی و وەرگێڕانی چەند پارچەیەک لە پاپیرۆســـەکانی پەهلەوی. تۆژینگەی (علوم انسانی و مطالعات فرهنگی)، زانستگەی (بوعلی سینا)ی هەمەدان.

لێکۆڵەر: دوکتور (رحمن بختیاری)

١- پارچەی ژمارە P. 287 لە کۆمەڵە پاپیرۆســـەکانی ویەن (Wien)، ئەمەی خوارەوە دێڕی دەستپێکی نامەیەکە:

**L yzd, n ,byd, t gundsrd, l**

**ترجمەی فارسی: " به سردار سپاه یاد شده ایزدان"**

وەرگێڕان: "بە سەرداری سپای یادکراوەی ئیزەدان"

٢- پارچەی ژمارەی P.141:

**L yzd,n byd,t yzd,nkrt nc gy,n p,n (?) ... lyh ŠRM**

**ترجمە فارسی: بە یاد شدە ایزدان، یزدان کرد، نماز، جان بان (؟) ... درود.**

وەرگێڕان: بەیادکراوەی ئیزەدان، یەزدان کرد، نماز، جان بان (؟)...درود.

بە چاوخشـانێک بەم وەرگێڕانەدا وا دەردەکەوێ کە وەرگێڕ لە ناوەڕۆکی دەقەکە بە دروسـتی تێ نەگەیشـتووە، و تەنیا ئەو وشـەگەلەی ڕاسـت وەرگێڕاوەتەوە کە لە هەموو زمانە ئێرانییەکاندا وەک یەکن. با ئێستا بزانین واتای دروستی ئەم نووسراوانە چۆنن:

- "L"، کە لە سەرەتای هەر دوو ڕستەکەدا هاتووە، هەمان ئامرازی پەیوەندیی "لە"یە لە کوردیدا.
- "yzd,n byd"، ئەمە وشـەیەکی لێکـدراوە "یەزدان بەیـاد"، لە ڕاسـتیـدا ئەمە دەسـتەواژەیەکی ئایینییە کە بە واتای خۆداناس، ئەو کەسـەی کە همیشـە بەیادی یەزدانە، خۆداپەرەسـت و دیندار بەکار هێنراوە. لە سـەردەمی سـاسـانییەکاندا وەکوو ئێسـتـای ئێران دەسـەڵاتێکی دینی فەرمـانڕەوایی دەکرد، هەر بۆیەش بەکـاربردنی دەسـتەواژە و نازناوی ئایینی باو بوو. هەر وەک چۆن ئێسـتا کاربەدەسـتان و بەرپرسـانی

ئێرانی لە نووسین و وتارەکانی خۆیاندا دەستەواژەگەلێک وەک برادەر، سەید، حاجی، "آیت الله" و"حجت السلام" بەکار دەبن. لەو سەردەمەشدا نازناوی ئایینی ڕەواجی هەبوو، لەم دەقەدا نووسەری نامەکە سەردارێکی سپایە خۆی بە مرۆڤێکی خۆداناس و باوەڕمەند کە هەمیشە بەیادی یەزدانە "یەزدان بەیاد" دەناسێنێ.

- "gundsrdar" گوندسردار، بە واتای سەرداری سپا هاتووە، هەر وەک وشەکانی سپاسالار و سپاسەردار. وشەی "جوندی" عەرەبی بە واتای سەرباز لە بنەڕەتدا هەر لەم وشەوە واتا گوندی گیراوە.
- "yzd,nkrt" یەزدانکرت، ناوی سەرکردەیەکی سەربازییە کە ئەم نووسراوانەی لێ بەجێ ماوە کە یەکەمین دێڕەکانی دوو نامەی جیاوازن.
- "nc"، کورتکراوەیەکە بۆ وشەیەکی کۆنی کوردی کە ئێستاش لە شێوەزارەکانی جۆربەجۆری کوردیدا وەک "نەمە/ نمێچ/ نمێژ/ نوێژ" گۆ دەکرێ کە بەرانبەرە لەگەڵ وشەی فارسی "نماز". نەمە/ نمێژ لە وشەی "نەمی/ نەمیان"ی کوردییەوە دێت بە واتای چەمانەوە و خۆ نەوی کردن (سوجدە کردن).
- "gy,n" گیان، وشەیەکی ئاسایی کوردییە کە بە فارسی "جان"ی پێ دەڵێن.
- "p,n" پنە[5]، وشەیەکی کوردیی هەورامییە، پێشگرێکە کە لە شێوەزارەکانی تری کوردیدا واتای "پێ/ بۆ" دەدات. لێرەدا بە واتای پێناو هاتووە.

لە پاش ئەم ڕوونکردنەوەیەدا با چاو لە واتای ڕستەکان بکەین، (لە بیرمان نەچێ کە ئەمانە یەکەمین دێڕی دوو نامەن).

1- Le yzdan beyad, gundsrdar

واتا: لە یەزدان بەیاد سەرداری سپا

2- Le yazdan beyad, yazdankirt namij gyan pene … drod

واتا: لە یەزدان بەیاد، یەزدانکرت، نمێژ(سوجدە) گیان پنە ... درووود.

---

[5] فەرهەنگی وشەنامە، هەورامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ. ٢٠٥

### ٣- چاوخشانێک بە وەرگێڕانی چەند دێڕێکی کتێبی درەختی ئاسووریک:

کتێبی درەختی ئاسووریک یەکێ لە نووسراوەکانی دوکتور( ماهیار نوابی)یە کە سەرۆکی بەشی زمانناسی بوو لە زانستگەی تاران، نووسەر، لێکۆڵەر و یەکێ لە گەورەکان و پسپۆڕانی زمانە کۆنەکانی ئێرانی و بەتایبەتی زمانی پەهلەویی ئەشکانی بوو. دیوانی درەختی ئاسووریک لە لایەن ئەوەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی کە گوایە باشترین وەرگێڕانێکە لەم کتێبە کە هەتا ئێستا کراوە.

کتێبی درەختی ئاسووریک گەنگەشە (دەمە قرێ)یەکە لە نێوان بزن و داری خۆرما کە کامەیان باشتر و بەسوودترن، سەرەنجام بزن بەسەر داری خۆرمادا سەر دەکەوێ.

- **کتێبی درەختی ئاسووریک، چاپی سێیەم ١٣٨٦، ل.پ ٥٩ دێڕی ٤٢:**

**42) ku wāš a´i ud wad- xart abēsūd draxtān**

**ترجمە: کە کاە هستی و بد خردی [بی خردی] (و از) درختان بێ سودی**

وەرگێڕان: کە "کا"یت و بەد خەرەتی و لە درەختانی بێسوودی

**ئەم وەرگێڕانە بەگشتی هەڵەیە.**

**ku: کو**، ئەم وشەیە جێناوی لێپرسینە بە واتای چۆن و بۆچی لە هێندێک لە ناوچەکانی کوردستان بەتایبەت لە هەولێر و ناوچەکانی سەر بە هەولێر ئێستاش بەکار دێت.

**wāš: وەش**، دوکتور نەوابی ئەم وشەیە وەک "کا/ پووش" مانا کردووەتەوە، کە چی ئەمە وشەیەکی کوردیی هەورامییە و لە هەمان کاتدا وشەیەکی ئەوێستاییشە.

**لە شێوەزارەکانی ئەوێستایی کوردی (هەورامی- زازاکی- لەکی) و هەر وەها لە زمانی ئەوێستاییدا پیتی "خ"ێ لە زۆربەی وشەکاندا و بەتایبەتی ئەگەر پیتی "خ"ێ بەر لە "و، ۆ، وو" بێت ئەوا دەنگی پیتی "خ"ێ لە وشەکەدا دەگۆڕدرێت بۆ پیتێک کە لە نێوان (ە) و (و)دا گۆ دەکرێ، نە پیتی "ە"یە بە تەواوی و نەش پیتی "و"یە بە تەواوی، دەنگێکە لە**

**نێوان ئەم دوو پیتەدا بەڵام زیاتر بە "و"ێ نزیکە،[ لە فەرهەنگەکانی ئەوێســــتاییدا وا باوە کە ئەم پیتە وەک " Xv یان Hv" پێشـــان دەدرێت ]. بۆ نموونە : خۆش دەبێ بە هۆش/ وەش، خۆر دەبێ بە هۆر/ وەر، خوو (خوب)/ بە هو، خۆاس/ خۆاز دەبێ بە "واس/ واز".**

لەم دەقەیشدا وشەی **"وەش/ wāš"** بە واتای خۆش دێت نەک "کا".

**a´i:** ئەمە هزوارەشە بە واتای ئەی/ هەی/ پی، (فارسی: هستی)

**wad- xard:** لە دەقە پەهلەوەیەکەیدا "wad- xart" نووسراوە بە واتای بەد ئەندیش.

**abēsūd:** بە واتای بێسوودە.

**واتاکەی:**

42) ku wāš a´i ud wad- xart abēsūd draxtān

کوو وەش پی وەت خەرەت بیسوود درەختان

(لە چی خۆشی بەد خەرەت بیسوود درەختان)

- **کتێبی درەختی ئاسووریک، چاپی سێیەم ١٣٨٦، ل.پ ٥٩ دێری ٤٣:**

**43) yad tō bār āwarē mardōmān wasnād**

**ترجمە: تا تو بار آوری برای مردمان [مردمان وسناد]**

وەرگێڕان: تا تۆ بار بێنی بۆ مەردمان

bār: ئەم وشەیە"بار" نییە، بەڵکوو "بەر"ە بە واتای بەر و مێوەی دار.

āwarē: ئەم وشـــەیە بەم جۆرە لە دەقە پەهلەوییەکەیدا نەهاتووە، چونکە لە شـــێوازی هزوارەشە، دروستتر ئەوەیە کە وشەی مادی "باری"[6] لە جیاتی دابنرێت.

---

[6] bar [-] =(v. rt. cl. 1) to carry, to bear (k365), Avesta Dictionary by K.E. Kanga, (K365), http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm

wasnād: ئەم وشـــەیە وســـناد نییە، بەڵکوو "واســـنێ"یە، وشـــەیەکی هەورامییە بە واتای بخوازن.

**واتاکەی:**

(43) yat tō bar bārī martōhmān denē

(٤٣) تا تۆ بەر باری [ببێنی] مەردمان دەنێ

- **کتێبی درەختی ئاسووریک، چاپی سێیەم ١٣٨٦، ل.پ ٥٩ دێڕی ٤٤:**

**44) gušn- at abar hirzēnd pad ēwēn čē gāwān**

**ترجمە: گشنت بر هلند به آئین گاوان**

وەرگێڕان: گشنت بەر هەڵند بە ئایینی گاوان

ئەم دێڕە هەر هەمووی بە هەڵە وەرگێڕدراوەتەوە، هیچ پەیوەنـدییەکی مەنتیقی لەگەڵ خۆدی نووسراوەکەدا نییە. هیچ مانایەکیش ناگەیینی.

**gušn- at:** لە دەقی پەهلەوییەکەیدا هیچ خەتێکی جیاکەرەوە لە نێوان وشـــەکەدا نییە و وەک "گاوشـینات" نووسراوە. ئەگەر بەمانەوێ ئەم وشـەیە کە لێکدراوە لەیەک بترازێنین دەبێ وەک gušināt "گاو- شـینات" بینووسـین. شـین لە زمانی کوردیدا واتای ڕەنگی سـەوز و کەسـک دەدات. شینایەتی بە واتای ئەو شوێنە دێت کە گیا و شینایی لێیە (مرتع). گاو- شینات بە واتای چراگەی (مراتع)ی گاکان دێت. [ ئونڤالا "J.M.Unvala" کە ئەویش دەقی درەختی ئاسـووریکی وەرگێڕاندووەتەوە و گوایە هەڵەی زۆری تێدایە و د. ماهیار نەوابی زۆر ڕەخنەی لەســـەر هەیە، وشـــەی "گاوشـــینات"ی وەک "gōyot" خوێنـدوەتەوە و وەک "چراگە/ لەوەڕگە" مانـای کردووەتەوە] .[7]

**abar:** ئەم وشـەیە لە دەقە پەهلەوییەکەدا نییە بەڵکوو هزوارەشـە. لێرەدا وشـەی هەر/ هەڵ زۆر ڕاستر و دروسترە.

---

[7] کتێبی "درخت آسوریک، د. ماهیار نوابی"، چاپی سێیەم ١٣٨٦ ل.پ ٥٨.

**hirzēnd:** ئەم وشەیە هزوارەشە بە واتای " har arzend "ە، ئەرزند لە چاوگی رزان بە واتای پوترکان، وەران، خراپبوون.

**ēwēn:** ئەم وشـەیە لە راسـتید "avin"ە، ئەوین لە کوردیدا دوو واتای هەیە، یەکەم بە واتای دڵداری و خۆشەویستییە، دووەم لە کرمانجیدا بە واتای کارەسات و لێقەومانیش دێت. لێرەدا مانای دووەمەکەی مەبەستە.

**čē:** "چێ"، وشەیەکی ئاسایی کوردییە، بە واتای بچێ.

**gāwān:** گاوان، بە واتای گاکان، گاگەل.

**واتاکەی:**

(44) gušināt har arzend pad avin čē gāwān

**گاو- شینات هەڵ ئەرزند پەد ئەوین چێ گاوان**

(شینایەتی گاکان هەڵ ئەرزن بەم بەڵایەش گاکان دەچن)

لە دێرەکانی ٤٣ و ٤٤دا بزن بە تەوسەوە لەگەڵ دارخۆرما دەدوێ. شوێنی رووداوی ئەم چیرۆکە باشووری کوردستان ناوچەی "شارەزوور (شارئاسوور)"ە. داری خۆرما لە ناوچەکانی ئیلام و خانەقین بە پێچەوانەی ناوچەکانی باشووری ئێران زۆر درەنگ بەری پێ دەگا، لە کۆتاییەکانی هاوین و سەرەتای پاییز پێ دەگا. لەم کاتەدا شینایەتی نامێنێ و گیای لەوەڕگاکان دەرزن. لێرەدا بزن بە تەوسەوە بە دارخۆرما دەڵێ هەتا تۆ بەر بگریت و مەردم داوای مێوەی تۆ بکەن، لەوەڕگاکان هەڵدەرزن و گاکانیش لەبەر ئەم کارەساتە لێرە دەچن.

- **کتێبی درەختی ئاسووریک، چاپی سێیەم ١٣٨٦، ل.پ ٦٥ دێڕی ٦٧:**

**67) zeh až man karēnd ke bendēnd abar drōn**

**ترجمه: زه از من کنند که بندند، بر کمان**

وەرگێڕان: ژێ لە من دەکەن کە لە کەمانی دەبستن

با ئێستا بزانین واتای دروستی ئەم دێڕە چییە:

- **"zeh"**، ئەم وشـــەیە "زە" نییە و ناتوانێ "زە" بێت. شـــێوەی دروســـتی گۆ کردنی ئەم وشەیە "ژێ"یە. زۆربەی ئەو وشەگەلە کە لە فارسیدا وەک "ز"ێ گۆ دەکرێ لە زمانی پەهلەویی ئەشـــکانیدا و هەروەها لە زمانی کوردیدا وەک "ژ"ێ گۆ دەکرێت، بەتایبەتی ئەگەر پیتی "ز"ێ لە سەرەتای وشەکەدا بێت. سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکەن کە لە کتێبی "دستور زبان پارتی، حسن رضائی باغ بیدی" لاپەڕەکانی ٣٤-٣٦ هاتوون.

| **فارسی** | **کوردی** | **پارتی** |
|---|---|---|
| ئەز (از) | ژ/ لە | ئەژ (ل.پ. ٣٤) |
| روز | ڕۆژ | ڕۆژ(ل.پ. ٣٤) |
| زیرەک (زیرک) | ژیر | ژیر (ل.پ. ٣٦) |
| زەن (زن مادە مضارع زدن) | ژەن(بنەمای چاوگی ژەنن) | ژەن (ل.پ. ٣٦) |

- **"bendēnd"**، ئەم وشەیە "بندند" نییە بەڵکوو "بەن ند" واتا بەن بۆ چنین.
- **"drōn"**، ئەم وشـــەیە د. نەوابی بە کەوان وەریگێڕاوەتەوە، بۆچی؟ لە کوێ؟ لە کام فەرهەنگ و لە کامە زماندا درون واتای کەوان دەدات؟

drun "درون"[8] بە واتای کەوان نییە بەڵکوو وشـــەیەکی ئاســـایی کوردییە کە واتای دروون (دوختن= فارسی) دەدات.

شێوەی ڕاست و دروستی ئەم دێڕە بەم جۆرەیە:

(67) žēh až man karēnd ke banend ažbo drun

ژێ ئەژ من کەرند کە بەن ند ئەژبۆ دروون

(ژێ لە من دەکەن کە بەنن لەبۆ دروون)

- **کتێبی درەختی ئاسووریک، چاپی سێیەم ١٣٨٦، ل.پ ٦٧ دێری ٦٨:**

---

[8] هەنبانە بۆرینە، فرهنگ کُردی- فارسی، هەژار جلد یکم ص ٢٩١

## 68) warak (?) až man karēnd waxŝ [i] g buz pašmin

**ترجمه: برک (؟) از من کنند (و) بزشم وخشی**

وەرگێڕان: برک (؟) لە من (دروست) دەکەن (و) بزشم وخشی

نیشانەی پرسیارەکە و هەر وەها کەوانەکان هی کتێبەکە خۆیەتی.

- **نوســـینەوە و وەرگێڕانی ئەم دێڕە بۆ خۆی کارەســـاتێکە! وشـــەی warak لە دەقی پەهلەوییەکەدا نییە، بەڵکوو د. نەوابی بۆ خۆی لە جیاتی وشـــەی "جلووەرگ/ جلوبەرگ" دایناوە (ئەمە لە کاتێکدا جلوورگ/ جلوبەرگ، وشـــەیەکی ئاســـایی کوردییە). وشەی "بزشم" نە لە دەقی پەهلەوییەکەدا هەیە و نەش لە نووسینەوەی دەنگەکـان (آوا نویســـی) کە لە لایەن خۆدی د. نەوابیشـــەوە نووسراوەتەوە. لە دەقێکی دیکە لە دەســـتنووســـێکی تری دەرختی ئاســـووریدا، هەر لەم دێڕەدا(٦٨) وشـــەی "دروون" هاتووە، کە زۆر گونجاوە بۆ ئەم دێڕە، بەڵام لەبەر ئەوەی د. نەوابی لە واتاکەی تێ ناگا بۆیە هەر بایەخی پێ نادات و لای دەنێ. جا با ئێستا بزانین د. نەوابی لە ل.پ. ٦٦دا چ ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر ئەم دێڕە نووسیوە:**

"لە دەقەکەی "ئەسانا"دا[9]، ئەو دەستەواژەیە کە لە سەریەک دووپات دەکرێتەوە واتا "ئەژ من کرند" وشـەکانی "ئەژ من" لەم دێڕەدا کەوتوون. بەڵام دو وشـەی سـەرەتای دێڕەکە بەجوانی دیارە و دەکرێ وەک jul warg، **جلوبەرگ**، و یا گوڵبەرگ بخوێندرێتەوە. بەڵام **هیچیان گونجاو نین**. ئەگەر وەک جلوبەرگ بیخوێنینەوە ئەوە لە لایەکەوە لەگەڵ "بزشم وخشـــی" کە لە پارچەکانی گرانبهایە یەک ناگرێتەوە، لە لایەکی تریشـــەوە نە تەنیا باسی ئەســـپ و هیســـتر نـاکرێـت، بەڵکوو بـاس لە "ئـازادان و مەزنـان" دەکرێ کە وەهـا پارچەگەلێکیان لەبەردا بووە. ئەگەریش بێتوو وەک "گوڵبەرگ" بیخوێنینەوە ئەمجا ئەوە دەبێ ناوی پارچەیەک بێت، بەڵام ئیمە پارچەیەک بەم ناو و نیشـانە ناناسـین. گومانم وایە کە ئەم وشـەیە کە دەکرێ وەک جل و یان گوڵ بخوێندرێتەوە دەسـتکاریکراوی (تحریفی) وشەی **"دروون"** بێت کە لە دەقێکی نارەسەندا (بدل) هاتووە...".

---

[9] جاماسپ ئەسانا یەکێ لە پەهلەویی زانانی بەناوبانگی هێندییە کە دەقێک لە درەختی ئاسووریکی بڵاو کردووەتەوە.
D.J.M. Jamasp-Asana

لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لەبەر ئەوەی د. نەوابی واتای جلوورگ/ جلوبەرگ نازانێ، زۆر بەسانایی دەستی تێ وەردەدات و وشەی **"جلوورگ"** دەسڕێتەوە و وشەی "برک" لە باتی دادەنێ. و وشەی "دروون" کە وشەیەکی پەتی کوردییە هەر پێ سەیرە و لەبەر چاوی ناگرێت و لە شوێنیدا "بزشم" کە گوایە جۆرە پارچەیەکە دادەنێ.

بەڵام لە ڕاستیدا هیچ جۆرە هەڵەیەک نە لە وشەکاندا و نەش لە ڕستەکەدا نییە. جلوورگ/ جلوبەرگ وشەیەکی ئاسایی کوردییە لە هەموو شێوەزارەکاندا کە واتای پۆشاک دەدات (بڕوانە بۆ فەرهەنگی باشـوور، عەباسی جەلیلیان، سـاڵی ٢٠٠٥، هەولێر، ل.پ. ١٩٧، ٧١١). لەم دێرەدا واتای وشەکان و هەروەها ڕستەکە زۆر ڕوونە.

- **waxsig"**، "وەخشێ."[10] ئەمە وشەیەکی ئاسایی کوردییە لە شێوەزارەکانی هەورامی و باشووری. ئەگەر کەسێک گوزەری کەوتبێتە سنە و کرماشان، بێگومان دەبیستێ کە خەڵک کاتێ داوای لێبووردن دەکەن دەڵێن "بوەخشـه". وەخشـین بەرانبەرە لەگەڵ وشەی فارسی "بخشیدن".

کە وابوو شێوەی ڕاستی ئەم دێڕە بەبێ لەبەرچاو گرتنی وشەی **"دروون"** ئاوایە:

(68-1) Jel warg až man karēnd waxsēg buz pašmin

واتاکەی: جلوبەرگ ئەژ من کەرند وەخشێ بزی پەشمین

(جلوبەرگ ئەژ من کرن بەخشێت بزنی پەشمین)

ئەگەر وشەی "دروون" کە لە دەقێکی دیکەدا هاتووە لەبەرچاو بگرین، ئەمجا واتاکەی ئاوایە:

(68-2) Jel warg až man drun waxsēg buz pašmin

واتاکەی: جلوبەرگ ئەژ من دروون وەخشێ بوزی پەشمین

(جلوبەرگ ئەژ من دروون بەخشێت بزنی پەشمین)

---

[10] فەرهەنگی کوردی- فارسی، باشوور، عەباسی جەلیلیان، هەولێر ٢٠٠٥، ل.پ. ٧٠٦

لێرەدا لەمە زیاتر لەســـەر دەســـتکاریکردن، گۆڕین و هەڵەکـان لە وەرگێڕانی کتێبی درەختی ئاسووریک ناڕۆم. هیوادارم لە دەرفەتێکی گونجاودا بتوانم نووسینەوەیەکی دروستتر لە درەختی ئاسووریک پێشکەش بکەم.

٤- تێبینی لەسەر چەند وشەیەکی ئەوێستایی لە کتێبەکەی مامۆستا جەلیلی دۆستخواە لە ژێر سەردێڕی "ئەوێستا کۆنترین سرودەکان و دەقەکانی ئێرانی"[11] بەرگی دووەم، تاران ١٣٧١.

جەلیل دۆســـتخواە واتای ناو و ناونیتکەی ژمارەیەک لە دێوەکان کە لە ئەوێســـتادا هاتوون لە کتێبەکەی خۆیدا هێناویەتی. دیارە ئەم ناو و ناتۆرانە ناکرێ وشـــەی جوان و نازناوی باش بن بەڵکوو زیاتر وەک دوژێن وان. دیاکۆنۆڤ لە کتێبی مێژووی مادا، لەســـەر شـــێوازی زوانی ئەوێســـتا دەڵێ: "ئەوێســـتا زمانێکی تیژی هەیە بەرانبەر بە دوژمنانی خۆی و پەیڕەوانی ئایینەکانی تر". ئێستاش با چاو لە هێندێک لەم ناو و ناتۆرانە بکەین.

- **کرپ (کرپان):** (اوستا، جلد دوم، جلیل دوستخواە چاپ دهم ١٣٨٥، ل.پ.١٠٣١)

دۆستخواە دەنووسێ: (در گاهان عنوان گروهی ازپیشوایان و دشمنان دین مزداپرستی است).

واتا لە گاسـاکاندا وەکوو ناوی تاقمێک لە پیشـەواکانی دێوپەرەسـتان و دوژمنانی مەزداپەرەسـتی هاتووە. ئەمە ناو نییە ناونیتکەیە، وشەیەکی کوردییە کە لە شێوەزاری باشووریدا هەر ماوەتەوە و وەک "کەرەپەن kerepen/ kerepan" گۆ دەکرێ، کە واتـای **"کەڕ"** ئەدات، کەسێ کە گۆێ گرانە و نابیسێ. (بڕوانە فەرهەنگی باشوور عەباسی جەلیلیان، هەولێر ٢٠٠٥، ل.پ.٥٣٤).

- **گماڵە دیوان/ گماڵگان:** (اوســـتا، جلد دوم، جلیل دوســـتخواە چاپ دهم ١٣٨٥، ل.پ.١٠٣٤)
  جەلیلی دۆستخواە لە بارەی ئەم دەستەواژەیەوە ئاوای نووسیوە: به معنی "چەسری!" و به مفهوم گستردەتر " چەسر نفرت انگیزی!" صفت است برای هفت تن از دیوان بزرگ و دســـتیار اهریمن که در برابر امشـــاســـپندان قرار میگیرند. نامهای آنها چنین است:

---

[11] "اوستا کهن ترین سرودها و متنهای ایرانی، گزارش و پژوهش جلیل دوستخواه، جلد ٢، تهران ١٣٧١"

اک من ( اکومن)، ایندر (اندر)، سورو، نانگ هیثیه، ناگهیس، ترومیتی، توروی (تریز) و زریـچ (زریز). از این نامها ترومیتی نه نامِی جداگانه بلکه صـفتی برای **"نانگ هیثیه"** دانسته‌اند که گاه به جای نام او میاید].

وەرگێڕانەکەی بە کورتی ئاوایە: بە مانای "چ ســـەرێک" هاتووە، بە واتایەکی بەرینتر "چ ســـەرێکی قیزەون" ئاوەڵناوێکە بۆ حەفت دێوی گەورە کە دەســـتیار و فەرمانبەری ئەهریمەنن لە دژی ئەمشاسپنداندا، ناوی دێوەکانیش ئەمانەن:

ئەکمن (ئەکومن)، ئیندر (ئەندر)، ســـوورو، نانک هیثیە، ناگهیس، ترومیتی، توروی (تریز) و زریـچ (زریز).

ئەمە ڕاســـت نییە، ئەمە پەیداکردنی مانای وشـــەکانە بە مەزندە. پەیوەندیی وشـــەی "گماڵ" لەگەڵ "چە سری و چە سرنفرت انگیزی" لە چیدایە و لە کوێرا هاتووە دیار نییە!

ئەمە وشـەیەکی ئاسایی کوردییە واتای **"گەماڵ (سەگی نێر)"** دەدات کە وەک دوژێن و ناونیتکە (قســـەی ناشـــیرین) لە کوردیدا بە کار دێت وەک دەســـتەواژەی " **گەماڵ باوک"** (فارسی: پدرســـگ). وشـــەی "گماڵە دیوان / گەماڵ دێوان"، واتای دێوانی گەماڵ ئەدات. "گماڵگان"یش هەر وشەیەکی ئاسایی کوردییە، هەمان "گەماڵەکان"ە کە واتای سەگەکان دەدات.

- **نانک هیثیە:** (اوستا، جلد دوم، جلیل دوستخواه چاپ دهم ١٣٨٥، ل.پ.١٠٣٤) وەک نـاوی یەکێ لە دێوەکـان هـاتووە، هیچ واتـایەکیش بۆ ئەم وشـــەیە دانەنراوە. ئەمەش ناو نییە بەڵکوو دوژێنە، وشەیەکی ئاسایی کوردییە بە واتای **"نەنک حیزە"**.

- **کوندێز:** (اوستا، جلد دوم، جلیل دوستخواه چاپ دهم ١٣٨٥، ل.پ.١٠٣٥) دۆستخۆار دەڵێ ئەمە ناوی دێوێک بووە، هیچ واتایەکیشی بۆ دانەناوە. بەڵام ئەمەش وشـەیەکی کوردییە وهەر ناونیتکەیە. لە دوو بڕگە پێک هاتووە بەمجورە "کون- دێز" کە کون هەمان "کون / قون/ قێنگ"ە لە زمانی کوردیدا و بڕگەی دووەم "دێز" واتای

ڕەنگی ڕەش و تاڵ دەدات.[12] (فارسی: رنگ تیره و سـیاه). هەروەها لە کوردیدا بە تەوسەوە بە مرۆڤی شووم و بەدفەڕیش دەڵێن "دێزە"[13]. کوندێز ناووناتۆرەیە بە واتای "کون ڕەش". مەبەست لەو کەسانەیە کە گۆناهکار و تاوانبارن و نیشانەی ڕەشیەتی و تاوانیان پێوە دیارە.

- **توربرادروش:** (اوستا، جلد دوم، جلیل دوستخواه چاپ دهم ١٣٨٥، ل.پ.١٠٣١) لەسەر ئەم وشەیە جەلیلی دۆستخواە نووسیویەتی کە زەڕدەشت بە دەستی کەسێک بەناوی "**توربرادروش**" کوژراوە. (در پهلوی karb به پێشـوایان دینی مخالف زردشت گفته می شود، که دشمن ترین دشمنان او بودند و " **توربرادروش**" کشنده زردشـت یکی از همین گروه بود). بەڵام ئەم وشـەیە هەڵەیە و ڕاسـت نەنووسراوە. لە نووسراوە لاتینییەکەیدا ڕاسـتییەکەی دەردەکەوێ. لە یەکێ لە ماڵپەڕە سـەرەکیەکانی زەڕدەشـتیدا کە بە زمانی فارسـییە لەسـەر کوژرانی زەڕدەشـت و ناوی بکوژەکەی ئاوا نووسراوە:

**توربرادروش** (Turebâdruŝ): (http://mazdaahoora.blogfa.com)[14]

(هنگامی کە هفتاد و دو ساڵ از عمر زرتشت گذشت، وی گشتاسپ را از دادن باج و خراج بە تورانیان منع می کند. چون گشتاسپ از در آزادگی بر تورانیان وارد شد، جنگی میانشان در گرفت. در روایات آمده کە ارجاسپ پادشاه تورانی در دومین هجوم خود بە بلخ، صـدمه زیادی بە آنجا وارد کرد.در این هنگام،گشـتاسـپ در پایتخت نبود و چون ایرانیان هزیمت یافتند، زرتشت در آتشکده "انوش آذر" بلخ در حال دعا برای سـپاه ایران بود کە یک تورانی بە نام **"توربرادروش Turebâdruŝ"** از پشـت بە وی حمله ور شده، و پاک پیامبر آریایی را بە شهادت می رساند).

**وەرگێڕانەکەی:** کاتێ کە زەڕدەشت تەمەنی ٧٢ ساڵ بوو، بە گوشتاسپی وت کە چی تر باج بە توورانییەکان نەدا، دواجار ئەمە بوو بە هۆی جەنگێک لە نێوان ئێرانییەکان و

---

[12] هەنبانە بۆرینە هەژار، تاران ١٣٦٩ ل.پ.٣٣٣. هەروەها فەرهەنگی باشوور ل.پ. ٣٤٢

[13] فرهنگ کُردی- فارسی، باشوور، عباس جلیلیان، اربیل ٢٠٠٥، صفحه ٣٤٢

[14] "اوستا شناسی در اروپا " http://mazdaahoora.blogfa.com/

تووراانییەکاندا، لە هێرشی دووەمی تووراانییەکاندا بە سـەرکردایەتی ئەرجاسـپی تووراانی، سپای ئێرانییەکان تووشی شکان هات. گوشتاسپ بۆ خۆی لە بەلخ نەبوو، زەردەشت لە هورمزگەی" ئانوش ئازەر" لە بەلْخ خەریکی نیایش و پاڕانەوە بوو بۆ سـپای ئێران کە یەکێکی تووراانی بە نـاوی **"توربرادروش Turebâdruŝ"** لە پشـتەوە پەلاماری زەردەشتی دا و کوشتی.

**ئەگەر چاو لە نووسراوە لاتینییەکەی بکرێت دەردەکەوێ کە وەرگێڕانە فارسییەکەی هەڵەیە. ئەم وشـەیە ناوی بکوژەکەی زەردەشـت نییە، بەڵکوو دەسـتەواژەیەکی کوردییە کە لە سێ بڕگە پێک هاتووە بەم شێوەیە "Ture-bâd-ruŝ" (توری- بەد- ڕەوش) واتا تووراانییەکی بەد ڕەوشت.**

- **"وەی دیو دات" و "وەندیداد":** (اوسـتا، جلد دوم، ج. دوسـتخواه، ١٣٨٥ل.پ. ١٠٧٧)

جەلیلی دۆسـتخواە لە ل.پ ١٠٧٧ کتێبی ئەوێسـتادا لەسـەر ئەم دەسـتەواژەیە ئاوای نووسیوە: [بە معنی "داد دیو ستیز" یا "داد دیو گریز" یا "قانون ضد دیو" نام بخشی از اوستای نو است کە در فارسی بە تحریف وندیداد خواندە شدە است].

بەڵام ئەم واتایە ڕاسـت نییە، ئەم شـێوەیە لە لێکدانەوە و ماناکردنەوەی وشــەکان، ڕاست هەمان شێوەیە کە پووڕداود لە وەرگێڕانی ئەوێستادا بە کاری هێناوە، کە لە باتی دۆزینەیوەی هاوتا و مانای ڕاستەقینەی وشەکان بە شێوازێکی ورد و زانستیانە هەر بە گومان و مەزندە واتای وشەکانی دەرهێناوە کە زۆربەیان هەڵەن.

دەســـتەواژەکـانی "وەی دێو دات" و "وەنـدی داد" واتـاکـانی لە کوردیـدا ڕوون و ئاشـکرایە، و لەوە ناچێ کە گۆڕدرابووبێت. هەر وەک دەزانین "وەندیداد" کتێبی "داد/ قانون"ە کە کۆمەڵێك لە یاســاکانی جۆربەجۆری دینی، پزیشـکی، سزا و کۆمەڵایەتی لە خۆ دەگری. **"وەندیداد (وەند-ی داد)، لە زمانی کوردی شـــێوەزارەکانی هەورامی و**

**باشـووری (کرماشـانی- ئیلامی- گرمیان) بە واتای "بەندی داد"ە واتا بەندی قانون، چونکە لەم شێوەزارانەدا وشەی بەند وەک "وەند" گۆ دەکرێ.**

وشـــەی **"وەی دێو دات"** بە هێندێک گۆڕانەوە ئێســـتاش لە کوردیدا بە کار دێت. ئەگەر وەربگێڕدرێتەوە ســـەر کوردی ئەمڕۆ، ئـاوای لێ دێ **"وەی داد لە دێو"**. ئەم شـێوە لە دەربڕینی گازندە و سـکاڵا لە کوردیدا هەر ماوەتەوە وەک دەڵێن، وەی داد لەو زاڵمە، وەی داد لە دەست تو، وەی داد و بێداد.

لەســەر ناوی **"وەندیداد"**یش، جەلیلی دۆســتخواە دەڵێ لە فارســیدا بە هەڵە وایان خوێندوەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە، ئەم ناوە بە ئەنقەست لە سەری دانراوە. لە سەردەمی زەڕدەشتدا کاتێ کە **"وەی دێو دات"** هاتووەتە بەرهەم، هەلومەرجێکی تر لە ئارادا بوو، پێواژۆی شـۆڕشـێکی گەورە وبەربڵاوی کۆمەڵایەتی و ئایینی سـەرانسـەری کۆمەڵگـای ئەو کـاتەی کوردەواری داگرتبوو. نـاو و نـاوەڕۆکی کتێبی ئەوێســـتـا لەو سەردەمەدا شۆڕشگێڕانە بوو و ئارمانجێکی تایبەتی لە پشت بوو. ئەم بابەتانە لە دژی دێوان واتا زۆرداران و ستەمگەرانی ئەو سەردەمە (دەسەڵاتدارانی ئاشووری و ماننایی و ئۆرارتوویی) نووسرابوو. زەڕدەشت ویستوویەتی بەم سرودگەلە و بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشـکرا خەڵک تێ بگەیێ و لە دژی دێوان هانیان بدا. بەڵام لە کاتی وەرگێڕانی ئەوێسـتا لە ســەردەمی ســاســانییەکاندا زیاتر لە هەزار ســاڵ لە تەمەنی ئەوێســتا تێ پەڕیبوو، هەلومەرجی مێژوویی و کۆمەڵایەتی بە تەواوی گۆڕابوو، ئایینی زەڕدەشـتی لە سـەردەمی سـاسـانییەکاندا ئامرازێک بوو بۆ سـتایشـکردنی پادشـا و ئاواتخۆاسـتن بۆ بەردەوامی پادشایەتیەکەی، دێوان (فەرمانڕەوایانی ساسانی) بۆ خۆیان لە دەسەڵاتدا بوون و هەر بۆ خۆیشـیان فەرمانی وەرگێڕانی ئەوێسـتاشـیان دابوو، چونکە ئەوان فارس بوون و لە زمانی ئەوێســـتایی (هەورامی) تێ نەدەگەیشـــتن. هەر بۆیەش ئیدی پێویســـتی بە ناوی "وەی- دێو- دات" (وەی داد لە دێو)ی نەدەکرد و ناوەکەی گۆڕدرا بۆ"وەندی داد".
واتا ئەم بەشـــە لە کتێبەکە کە "داد لە دەســـتی ســـتەمکاران" بوو گۆڕدرا بۆ کتێبێکی ئاســـایی داد (قانون) و ناوکەشی گۆڕدرا بۆ "وەندی داد/ بەندی داد (بەندی قانون)". لێرەدا دەردەکەوێ کە ناوی "وەندیدا" ناوێکی نەگونجاو و بێ مانا نییە بۆ کتێبێک کە باسی یاساکانی کۆمەڵایەتی و ئایینی و پزیشکی و... دەکا.

**"وەندی داد" دەســـتەواژەیەکی کوردییە لە شـــێوەزارەکـانی باشـــووری و هەورامیدا بە واتای "بەندی داد"ە چونکە لەم شـــێوەزارانەدا "بەند" وەک "وەند" گۆ دەکرێ، بۆیە مەبەســـت لە دەســـتەواژەی"وەندی داد/ بەندی داد" (بەشی قانون)ە.**

٥- ئێســتاش با ســەرنجێکی وەرگێڕاوی چەند وشــە و دەســتەواژەی ئەوێســتایی بدەین، لە کتێبی "یادداشــتهای گات ها". ئەم کتێبە لە لایەن نووســەر، لێکۆڵەر، زمانەوان و مامۆســتای زمانی فارسی "ابراهیم پورداود"وە نووسراوە کە بۆ یەکەمین جار کتێبی ئەوێســـتای "وەرگێڕاوەتەوە" سەر زمانی فارسیی نوێ. لە نێو بەشێک لە ئێرانییە فارسیزمانەکاندا پووورداود وەک مامۆستایەکی پایەبەرز و باوەڕپێکراوی ئەوێســتا و ســەرچاوەی ئەوێســتاناسی دەناسرێت. بەڵام ئەم وێنەیە لە ڕاســـتی بەدوورە. وەرگێڕانەکـانی پووورداود لە ئەوێســـتا پڕن لە هەڵەی زەق. واتـای زۆربەی وشەکانی لەسەر گومان و مەزندە دۆزیوەتەوە، شیکردنەوە و لێکدانەوەی وشەکان بە شێوازێکی نازانســتیانە و بەکەیفی خۆی کردویەتی. لە ڕاســتیدا پووورداود دەتوانێ مامۆســتای زمانی فارسی یان مامۆســتای هەر شــتێکی تر بێت، بەڵام نە تەنیا مامۆســتای زمانی ئەوێســتایی نییە بەڵکوو تەنانەت شـــاگردێکی باشـــیش نییە! ئەو وشـــەگەلە کە لێرەدا بـاسی لێ دەکرێت لە کتێبی **"یادداشتهای گات ها، نگارش ابراهیم پورداود، تهران اساطیر، سال ١٣٨١"** وەرگێراون.

بەر لەوەی لێکۆڵینەوەکە دەست پێ بکەم، ڕوونکردنەوەیەک لەسەر پێشگرێک و دوو پاشگری کوردی کە بە دەیان جار لە ئەوێستادا چەندپاتە (تکرار) بوونەتەوە بەپێویستی دەزانم.

- **فرا/ فرە:** ئەم وشــەیە پێشــگرە بە واتای زۆر، گەلێک. لە ئەوێســتادا زۆر جاران ئەم وشــەیە بەکار هاتووە. وشــەیەکی کوردییە، لە شــێوە زاری هەورامی و لە ئەوێســتاشــدا وەک "فرا"[15] گۆ دەکرێ، بەڵام لە شـــێوەزارەکانی دیکەی کوردیدا وەک "فرە" بە کار

[15] بررسی و توصیف زبان هورامی و گویش پاوەای، منصور سلیمی، چاپ اول، ١٣٩٢.

دێت وەک فرەزانا، فرەخاس، فرەخور. هێندێ جاران ئەم پێشــگرە دەچێتە ســەر وشــەیەکی تر ئەمجا واتای "چەنـد" بەخۆ دەگرێ وەک: فرەژنی، فرەکولتووری، فرەنەتەوەیی، فرەدەنگی. فرەڕەنگی.

- **یەتی، ایەتی:** لە زمانی کوردیدا ئەم دوو پاشگرە دەکەونە پاش هێندێک لە وشەکانەوە و ناوی چاوگ دروست دەکەن، بۆ نموونە:

| فارسی | کوردی |
|---|---|
| گرسنگی | برسی- یەتی |
| سیاهی | ڕش- یەتی |
| سپیدی | سپی- یەتی |
| تنهایی | تەنیا- یەتی |
| دشمنی | دوژمن- ایەتی |
| ترسیدگی | ترس- ایەتی |
| آرامی/ آرامش | ئارام- یەتی/ ئارام- ایەتی |

- لە زمانی ئەوێســتایشــدا هەر وەک کوردی ئەم پاشــگرانە هەن و دەکرێ بە دەیان نموونەی پێشــان بدرێت. بەڵام ئەوەی کە جێگای ســەرنجە لە ئەوێســتاییدا بە خستنەسەری پێشگری "فرا" لە پێش وشەکان و پاشگرەکانی "یەتی/ ایەتی" لە پاش وشــەکان لە یەک کاتدا، وشــە و دەســتەواژەی دینی، وێژەیی و فەلســەفییان دروســت کردووە کە ئەمە بۆ خۆی نیشــاندەری پێشــکەوتوویی ســەرســووڕهێنەری زمانی ئەویســتاییە لەو ســەردەمەدا. ئێســتاش ســەرنجتان بۆ ئەم چەند نموونەی خوارەوە ڕادەکیشم:

**Frabaraiti [fra-bar][16]** = to carry, to bring, to use; (k367)

**فرا- بار- ایەتی [فرە- بار]:** "فرا- بارایەتی، وشـــەیەکی کوردییە لە شـــێوەزارەکانی هەورامی و کوردی باشووریدا (کرماشان- ئیلام- گەرمیان) واتای فرە هێنان یان زۆر هینان دەدات.

**Fradathaiti [fra-dâ][17] =** to give; to propagate (k255)

**فرا-داتا- یتی [فرا- دا]:** "فرا- داتـایەتی"، وشـــەیەکی کوردییە لە شـــێوەزارەکـانی هەورامی و باشووریدا بە واتای "فرا- دایەتی" / زۆر دان/ گەلێک دان/ زۆر بەخشین دێت.

**Frajyāiṯi[18]** = life's possibility, 1.216

**فراجیایتی/ فرا- جیایەتی:** ئەم وشـــەیە لە فەرهەنگەکـانی جۆربەجۆردا واتای جیاوازیان بۆ داناوە. لە فەرهەنگی ئەوێسـتایی زانسـتگەی تگزاس لە ئەمریکا ئەم وشـەیە وەک دەرەتانەکان/ دەرفەتەکانی ژیان وەرگێڕدراوەتەوە. ئەم وشـــەیە بەرانبەرە لەگەڵ وشـــەی کوردی "فرەژیایەتی (فرا- ژی-ایەتی) کە لە کوردیدا واتای چەند ژییەتی (تعدد حیات) دەدات.

**Frateresaiti [fra-tares][19]** = to tremble (k221)

**فراترسایەتی [فرا- ترس]:** کانگا کە یەکێ لە پێشڕەوانی وەرگێڕانی ئەوێستایە و فەرهەنگەکەشی لە لایەن ئەوێسـتاناسـانەوە زۆر جێگای باوەڕە و وەک سـەرچاوەیەک لە لایەن زەردەشـتیانی جیهانەوە چاوی لێ دەکرێ، ئەم وشـەیە وەک لەرزین، چۆکشـکان یان تۆقان مانا کردووەتەوە، کە هەر چەند واتاکەی زۆر نزیکە لە ڕاستی بەڵام بەوردی مانا نەکراوەتەوە. "فرا- ترس- ایەتی" وشـــەیەکی پەتی کوردییە، فرا/ فرە پێشـــگرە کە واتای گەلێک/ زۆر دەدات، ترس ڕەگی چاوگی کاری "ترســـان"ە و "ایەتی"یش پاشـــگر و نیشـــانەی ناوی چاوگە لە کوردیدا کە واتای زۆر ترسایەتی، زۆر تۆقان دەدات.

---

[16] Avesta Dictionary by K.E. Kanga, http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm
[17] Avesta Dictionary by K.E. Kanga, (K 255), http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm

[18] Jonathan Slocum and Scott L. Harvey, http://www.utexas.edu/cola/centers/lrc/eieol/aveol-BF-X.html (2012-12-02)
[19] Avesta Dictionary by K.E. Kanga, (K 221), http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm

ئێستا لە پاش ئەم ڕوونکردنەوانە لەسەر ئەم  پێشگر و پاشگرانە با بزانین پووورداود چۆن ئەم وشەگەلەی مانا کردوەتەوە.

- **فرا- داتاهی (Fra-datahai):** (پوورداود ل.پ.١٢٦هاتی٣١ بەندی١٣یادداشتی ٢)

پووورداود لە ڕوونکردنەوەکەی خۆیدا دەڵێ کە واتای فرەبوون (فارسی: افزایش) دەدا. و دەڵێ ئەمە هەمان وشەی "فردتهە (Fra- datha)"یە کە لە ئەوێستادا زۆر جاران هاتووە و واتای فراوانی، فرە بوون، گۆشایشت، فراخی و دان و بەخشین دەدا.

پێش هەموو شتێک دەبێ بڵێن کە پووورداود خۆدی وشەکەی بە دروستی نەنووسیوە، چونکە ئەم وشەیە لە فەرهەنگەکانی تری ئەوێستاییدا وەک "فرا- داتایەتی" هاتووە نەک "فرا- داتاهی". جگە لەمەش پێشگری "فرا" و پاشگری "ایەتی" لەم وشەیەدا هەر ناناسێ و هەر باسیشی ناکا. بەڵام چونکە دەزانێ کە داتا لە "دا" و "داتن"وە هاتووە بۆیە بە مەزندە چەندین واتای بۆ وشەکە ڕیز کردووە و هەروەها وشەکانی "گۆشایشت و فراخی"یشی لێ زیاد کردووە، کە هیچ پەیوەندییەکیان بەم وشەوە نییە.

- **فراجیایتی/ فرا- جیایەتی (Fra- jyaiti):** (پورداود، ل.پ.٤٣هاتی ٢٩ بەندی ٥ یادداشتی ١١)

پووورداود دەڵێ کە ئەم وشەیە واتای زیان، تێکشکان، ئاسیب (فارسی: آسیب، گزند، زیان، شکستگی) دەدا، و دەڵێ لە چاوگی "جیا"  بە واتای پیربوون، بێهێزبوون و تێاچوونە (فارسی: پیرشدن، کاهیدن، ناتوان گردیدن). هەروەها دەنووسێ کە لە ئەوێستادا ئەم وشەیە بە واتای "ژێ" (ژێ کەوان)یش هاتووە، (فارسی: زە).

(ئەم وەرگێڕانەی بەراورد بکەن لەگەڵ ئەو ڕوونکردنەوەیە کە پێشتر باسیکرا).

هۆکاری ئەم سەرلێشێواویەی پووورداود لەوەدایە کە ئەو جیاوازیی نێوان پیتەکانی "ی" و "ێ" کە هەم لە کوردیدا و هەمیش لە ئەوێستاییدا دوو دەنگی سەربەخۆ و جیاوازن نازانێ، وشەی "ژێ" هەم لە کوردی و هەمیش لە ئەوێستاییدا یەک واتایان هەیە ئەویش "ژێ"یە وەک "ژێ کەوان". بەڵام "ژی" ڕەگی چاوگی "ژین/ ژیان"ە. پووورداود وشەی "ژی" جارێک

وەک "ژێ" دەخوێنیتەوە و جارێکی تر هەر ئەم وشـەیە وەک "زیا/ زیان" بە واتای "زەرەر و زیان" وەردەگێڕێتەوە.

پووررداود جارێکی تر دیسـانەوە تووشی ئەم هەڵەیە بووەتەوە، کاتێ وشـەی **"وێر (vir)"ی** مانا کردووەتەوە. لە ل.پ ١٢٥ هاتی ٣١ بەندی ١٠ یادداشــتی ١١، لەســەر ئەم وشــەیە وەهای نووســیوە: لە پەهلەویدا ویر **(vir)** بە واتای "مەرد"ە، هاوتایە لەگەڵ وشـەی **vir** لە لاتین و وشـەی **viril** لە فەرانسـیدا. "ویر" بە واتای مەرد و یەل و پالەوان زۆر جاران لە ئەوێستادا هاتووە. هەروەها لە ئە وێستادا "ویر" بە واتای "هۆش"ە.

لە کاتێکدا ئەمانە دوو وشـــەی جیاوازن، کە هەم لە کوردیدا و هەمیش لە ئەوێســـتاییدا ڕاســـت وەک یەکن. وشـــەی یەکەم "وێر"ە نەک "ویر" بە واتای مەرد و پاڵەوانیش نییە، بەڵکوو بە واتای ورەداربوون و ئازایەتییە (شـــجاعت)، "بوێر" لە کوردیدا واتای نەترس و ئازا دەدات. بەڵام وشـەی دووەم "ویر"ە (لە شـێوەزارەکانی هەورامی و باشـووریدا) و "بیر"ە (لە شێوەزارەکانی دیکەی کوردیدا) بە واتای بیر و ئەندیشەیە. بەڵام پووررداود ناتوانیت ئەم جیاوازیانە ببینێت و وشەکە وەک یەل و پاڵەوان وەرگێراوەتەوە.

- رنجانیتی: لە ئەوێســـتادا وشـــەیەک هاتووە کە پووررداود وەک رنجانیتی نووســـیویەتی (ڕەنجـانیەتی= کوردی). چـاوگی ئەم وشـــەیە لە کوردیـدا "ڕەنجـان (رنجـان)"ە و لە فارسـیدا (رنجاندن)ە. واتای ڕەنجانیەتی لە کوردیدا زۆر ڕوون و ئاشکرایە، ئەم وشـەیە ناوی چاوگە، لە چاوگی ڕەنجان (رنجان) لەگەڵ پاشـــگری "یەتی" کە واتای کەس لە خۆ ڕەنجاندن، کەس لە خۆ بێزار کردن دەدات.

پووررداود لە کتێبی یادداشـــتهای گاتها ل.پ.٩٣، یادداشـــتی ٥ و گەروەها لە ل.پ. ٨٧ یادداشـتی ٣، لێکدانەوەیەکی زۆر سـەیری لەسـەر ئەم وشـەیە کردووە. وشـەکە دەکاتە دوو بەشـــەوە وەک "رنج- انیتی" و دەڵێ کە "انیتی" واتای دەرد و ڕەنج ئەدات. دەی خۆ ئەگەر وا بێ، ئەوە واتای وشەکە دەبێتە " ڕەنج- ڕەنج"!

بەڵام ئەمە ڕاست نییە، دابەش کردنی وشەکە بەم شێوەیە زۆر هەڵەیە. وشەیەک بە ناوی "انیتی" بە واتای ڕەنج هەر هەبوونی نییە لە هیچ زمانیکدا. "رنجانیتی (ڕەنجانیەتی)" ناوی چاوگە بۆ رنجان (ڕەنجان) هەم لە کوردیدا و هەمیش لە ئەوێستاییدا.

- **تیا (Taya):** له ل.پ.١٢٠ هاتی ٣١، بەندی ١٣، یادداشــتی ٢، وشــەیەک هاتووە کە وەک تیا (Taya) نووسراوە. لەسەر ئەم وشەیە پووررداود ئاوا دەڵێ:

ئەم وشەیە بە واتای "نهانی" (نیهانی/ شاردراوە)یە، لە گوزارشی پەهلەویدا "نیهانیک" نووسراوە، ئەم وشـەیە لە بنەڕەتدا بە واتای "دزی"یە و لە گۆزارشی پەهلەویدا هەر وا مانا کراوەتەوە و...

پووررداود بە پشـتبەسـتن بە گۆزارشی پەهلەوی (فەرهەنگی پەهلەوی) کە ئەم وشـەیە وەک "نیهانیک/ نیهانی" مانا کردووەتەوە، بەبێ بیرکردنەوە و بەبێ وەســـتان دەڵێ ئەم وشــەیە واتای نێهانی و دزی دەدات. لە کاتێکدا ئەمە وشــەیەکی ئاســایی کوردییە کە واتـای "نـاوەوە/ دەروون/ تیا" دەدات. گۆزارشی پەهلەویش درۆی نەکردووە، بەڵام پووررداود باشی تێ نەگیشــتووە، چونکە "نیهان" لە فارســیدا دوو واتای هەیە یەکێکی بە واتای نهێنی و پنهانییە ئەوی دیکەش بە واتای "دەروون/ ناوەوە/ تێدا" دێت. بۆ نموونە:

خاقانی: تو خود نهان نباشی کاندر نهان مائی
خاقانی از تحیر پرسان کە تو کجائی

سعدی: سیاوش ز گفتار او شاد شد
نهانش ز اندیشە آزاد شد

**کە وابوو لێرە بۆمان دەردەکەوێ کە دەروون (نیهان) واتای ڕاســـتی "تێا"یە نەک پنهانی و دزی.**

- **چیش (Çish):** ئەم وشـەیە جێناوی لێپرسـینە لە زمانی ئەوێسـتاییدا، هەر هەمان واتای "چی" دەدات. لە فەرهەنگی ئەوێستایی "کانگا"دا بەم چەشنەی خوارەوە مانا کراوەتەوە:

Cish [ci] = 12 (N) (interr. pron.) - who? what? which? (indef. pron.) anyone, someone, whoever, whatever (k180), Avesta Dictionary by K.E. Kanga

هەر وەک دەزانین "چێش" وشـــەیەکی کوردیی هەورامییە کە واتای "چی" دەدات (فەرهەنگی وشەنامە، هەورامی- کوردی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ. ٣٨٣).

جا ئێستا با بزانین پووروداود چۆنی مانا کردووەتەوە. پووروداود لە لاپەڕەی٢٥٤ هاتی ٤٤ بەندی ١٦یادداشتی ٦ نووسیویەتی کە ئەم وشەیە واتای ئاگایی/ ئاگاداری (فارسی: آگهی)، فێرکردن، čish = کیش kaēsh مۆژدەدان، پەیمان دان دەدات! واتای پێشبینیکردن و ئۆمێدەواربوونیش دەدات. هەر وەها چەندین واتای تریشی بۆ چێش دۆزیوەتەوە کە هیچ پەیوەندییەکیان بەم وشەوە نییە.

- **واسۆ vaso:** (یادداشتهای گاتها، ل.پ. ١٣٥هات ٣١ بەند ١٩یادداشتی ٤)
- **واسنا vasna:** (یادداشتهای گاتها، ل.پ. ٢٩٩ بەند ١٩یادداشتی ٤)
- **وازمێ vazmē / اوشته وازمی ušta vasemi** (یادداشتهای گاتها، ل.پ. ٢٠٧هات ٤٣ بەند ١یادداشتی ١)

پووروداوە ئەم وشەگەلەی لە کتێبەکەی خۆیدا ئاوا وەرگێڕاوەتەوە:

**واسو:** لە جیاتی دەستەواژەی "ئەو جۆرە کە دەبێ" وشەی وسو **vaso** هاتووە، کە **ئاوەڵکارە (قید)**ە کە واتای بەکام، بەدڵخۆاز، ئازادانە دەدات.

**واسنا:** بە واتای کام، ئارەزوو، تکا (خواهش)، خواست.

**ئوشته وازمێ (اوشته وازمی):** لەم ڕەستەدا لە باتی وشەی "بەکامی دڵ" خۆازیارم/ خۆازیار (خواستارم/ خواستار) هاتووە. کامفەرما، ئوشته (اوشته) لە سەرەتای ئەم ڕستەدا ئاوەڵکارە بە واتای بەکامی دڵ، بەدڵخۆاز و بەئارەزوو، هەروەها وشەی "وس"یش ئاوەڵکارە هەر وەک وشەی (اوشتا) و هەمان واتای هەیە. لێرەدا لەگەڵ کرداری ... لە چاوگی **خشی xshi** کە بە واتای توانین و توانابوون و فەرماندان و پادشاییکردنە، واتا کامفەرما، یان کەسێک کە لە کام و ئارەزووی خۆی ئازادە و ئەوە کەسە ئەهورامەزدایە کە هەرچێ بخۆازێ دەتوانێ بیکا و لە پێک هێنانی کام و ئارەزوودا توانایە.

بەپێی وتەکانی پووروداود، وشەکانی ئوشتە و وازمێ هەردووکیان ئاوەڵکارن (قیود) و هەر یەک واتایشیان هەیە ئەویش بەکامی دڵ، بەدڵخۆاز و بەئارەزووا! ئەگەر وا بێ ئەوە

مـانـای ئەم دەســـتەواژەیە دەبێتە "بەکـام بەکـام/ بەدڵخۆاز بەدڵخۆاز/ بەئـارەزوو بەئارەزوو"! زۆر ســـەیرە چۆن دەکرێ دوو ئاوەڵکار پێکەوە بلکێن و ئەو هەموو مانایە لێ بکەوێتەوە! دواجار من نیـشان دەدەم کە و شەیەک وەک "او شتا/ او شتە" هەر نییە کە واتای بەکام بدات. ئەم دەسـتەواژەیە لە ڕاسـتیدا بۆ خۆی ڕسـتەیەکە کە پوورداود هەر تێ ناگا. بەڵام سێحر و جادوی پووررداود لەوەدایە کە بەبێ ئەوەی لە واتای وشەکان تێ بگـا، لە مـانـای ڕســـتەکە تێ دەگـا! ئەمە ئیتر وەرگێڕان نییە، لە ڕاســـتیـدا ئەمە جادووگەرییە! مرۆڤ نازانێ بەم وەرگێڕا نانە پێ بکەنێ یان نا بۆ ئەو کارەســـاتە کە بەسەر میراتی کۆنی هەزاران ساڵەی زمانی مادیدا هێناویانە بگری و هەناسە هەڵکیشێ! ئێستا با بزانین ڕەگ و ڕیشە و واتای ئەم وشەگەلە چین.

ئەگەر چاوێک بە واتای ئەو وشـــەگەلەدا بخشـــێنین کە پووررداود مانای کردووەتەوە، ئەمجا دەبینین کە پووررداود هەموو یانی وەک بە کام و بە ئارەزوو ما نا کردووەتەوە. پووردواد لەمە تێ گەیشـتووە کە وشـەی "واس/ واز" لە ئەویسـتاییدا واتای ئارەزوو و خۆا ست و کام دەدات بۆیە لە هەر و شەیەکی لێکدراو یان لە هەر ڕ ستەیکدا کە "واس/ واز" دەبینێ بەبێ بیرکردنەوە هەموو وشـــەکە یان ڕسـتەکە وەک بەکام و بەئارەزوو و بەدڵخۆاز مانا دەکاتەوە.

هەر وەک پێشتر لەسەر وشەی "**وەش wāš= خوش،** ڕوونکرایەوە. پیتی **"خ"ێ** لە شێوەزاری کوردی هەورامیدا زۆر جاران وەک پیتێک لە نێوان **"و(v)" و "هـ ( h)"** گۆ دەکرێ، بەتایبەتی ئەگەر پیتی "خ"ێ بەر لە پیتەکانی "و، ۆ، وو" بێت. لە زمانی ئەوێســـتاییشـــدا هەر وایە. بۆ نموونە وشـــەکانی خۆاس/ خۆاز کە ڕەگی چاوگی "خۆاسـتن/خۆازتن"ە لە دۆخی تێنەپەڕدا کە لە فارسـیدا وەک "خواە" گۆ دەکرێ لە شێوەزاری هەورامیدا وەک "واس/ واز" گۆ دەکرێ، بۆ نموونە:

| هەورامی | فارسی |
|---|---|
| واسوو / وازوو | میخواهم |
| واسی / وازی | میخواهی |
| **واسۆ / وازۆ** | **میخواهد** |
| **واسمێ / وازمێ** | **میخواهیم** |
| واسدێ / وازدێ | میخواهید |
| واسا، واسنێ/ وازا، وازنێ | میخواهند |

له پاش ئەم ڕوونكردنەوە بۆمان دەردەكەوێ كە وشــەی **"واســۆ/ وازۆ"** ئاوەڵكار نییە، بەڵكوو كاری سێیەم كەسی تاكە بە واتای دەخۆازێ، ئارەزوو دەكا.

وشــەی **"واســنا"**ش، هەرلە ڕەگی "واس"ە، كارە لە كاتی ڕابووردودا لە دۆخی یەكەم كە سی تاكدا بە واتای دەمویست، دەمخۆاست. ئەگەر ئەم و شەیە وەكوو "وا سنێ" گۆ بكرێ ئەمجا دەتوانێ واتای دەیانویست/ دەیانخۆاست بەخۆ بگرێ.

بەڵام دەســتەواژەی **"اوشــتە وازمی (ئوشــتە وازمێ)"** لە راســتیدا بۆ خۆی كورتە ڕســتەیەكە، كە یان خراپ خوێندراوەتەوە و یان خراپ نووســراوەتەوە، دروســتەكەی ئـاوایە **"ئەژ- تە- وازمێ"**. بڕگەی یەكەمی وشــەكە "ئەژ" ئـامرازی پەیوەنـدییە لە زمانەكانی مادی و ئەشــكانی و لە كرمانجیدا، (هەمان ئامرازی پەیوەندی "لە"یە لە سـۆرانیدا). "تە" جێناوی كەسـیی "تۆ"یە كە ئێسـتاش لە كرمانجیدا هەر وا گۆ دەكرێ. "وازمێ" وشـەیەكی كوردییە لە شـێوەزاری هەورامیدا كە واتای دەخۆازین دەدات. كە وابوو واتای دروسـتی ئەم دەستەواژەیە ئاوایە: ئەژ تە وازمێ (ئەژ تە دەخۆازین/ لە تۆ

دەخۆازین). لەوە دەچێ کە ئەمە ڕســـتەیەک بێت لە دۆعایەک کە تکا لە ئەهورامەزدا دەکرێ بۆ ئەوەی کە ئارەزووکانیان بەجێ بێنێ، واتا ئەمە ئارەزوو و خۆازیارییەکە. وا دیارە پووررداود لە خوێندنەوەی وەرگێڕانەکانی تر لەم واتایە تێ گەیشـــتووە بەڵام لە مانای وشـــەکان تێ ناگا بۆیەش هەر بە مەزندە دەڵێ ئەمە خۆازیارییە و مەبەســـت ئەهورامەزدایە.

ئەڵبەتە دەبێ ئەوەش بزانین کە پووررداود هێندێ جاریش قسەی ڕاستی کردووە! بەڵام ئەو دەمەی کە قسەی ڕاست دەکا، ئەوە ئیتر لە دژی خۆی و لە دژی پان فارسیستەکان گەواهی دەدات! فەرموون چاو لەم نموونانەی خۆارەوە بکەن:

- پووررداود لە کتێبەکەی خۆیدا (ل.پ. ٣٨، هات ٢٩، بەند ٤، یادداشـــت ٦) لەســـەر واژەی مەشـــیە Mashya ئاوا دەنووسێ: مەشـــیە بە واتای مەرد (مرد= فارسی)ە لە گاتاکاندا وەک "مرت" هاتووە، لە فارسیی هەخامەنشیدا وەک "مرتیە"، لە پەهلەویدا وەک "مەرتوم" لە فارســـیدا "مەردوم". ئاوەڵکارە بە واتای مردن و نەمان لە چاوگی "مر" بە واتای "مردن".

با لەوە گەڕین کە ئایا ئەم وەرگێڕانە ڕاســـتە یان هەڵەیە، هەروەها با لەوەش گەڕین کە وشـــەی "مر" لە چاوگی "مرن" وشـــەیەکی کوردیی کرمانجییە. بەڵام ڕاســـتێک لە وتەکـانی پووررداوددا هەیە. ئەویش ئەوەیە کە نە لە زمـانی فـارســـیی بـاســـتـان (هەخامەنشـی) و نەش لە زمانی پارسـیک (پەهلەویی سـاسـانی) و نە لە فارسـیی نوێ وشەی "مەشیە" نەبووە و نییە. ئەمە لە کاتێکدا کە چ لە پێش هەخامەنشـیەکان و چ لە سـەردەمی ئەواندا لەو شـوێنانەی کە مادەکان دەژیان و چ لە سـەردەمی پاش ئیسلام هەتا دوو سـەدەی پێش ئیسـتا واتا هەتا سـەدەی ١٨ زایینی لە زمانی کوردیدا وشـەی **"مەشی و مەشـــیانە"** گەلێک جاران لە هەڵبەســـتی شـــاعێرانی کورد و بەتایبەتی لە نووسراوەکانی ئایینی یارســـانیدا هاتوون. لەم نووسراوانەدا "مەشی/ مەشـــیە" وەک یەکەمین مرۆڤی پیاو (ئادەم) و مەشیانە وەک یەکەمین مرۆڤی ژن (حەوا) پێناسە کراون. [بڕوانە بۆ کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی لە نووســـینی دوکتور مارف خزنەدار، هەولێر

٢٠٠١، ل.پ. ٢٣٨. هەروەها کتێبی یارسـان لە نووسـینی ئەیوب ڕوسـتەم، ٢٠٠٦ چاپی یەکەم ل.پ.١٤٨].

ئەگەر ئـێمە پـێمـان وابێ کە ئەم هەمـوو هەڵەکـردنە لە وەرگـێڕانەکـانـدا و ئەم پشـتگوێخسـتنەی زمانی کوردی لە لایەن زانایان و زمانەوانانی فارسـەوە تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ئەوانە کوردی نازانن و لێ تێ ناگەن، دەنا هیچ مەبەسـتێکی خراپیان نییە، ئەوە بە هەڵە تێ گەیشـتووین. ئەمانە بۆ جێبەجێکردنی سـیاسـەتەکان و سـتراتێژی توانەوەی گەلی کورد ئامادەن زۆربەی پرینسیپەکانی زانستی و ئەخلاقی پێپەست کەن (لە ژێر پێ نن). دوکتور "ماهیار نوابی" و دوکتور "احمد تفضلی" بۆ دۆزینەوەی ڕیشە و واتای وشـەکانی پەهلەوی لە کتێبەکانی خۆیاندا ئەم وشـەگەلەیان لەگەڵ وشـەکانی هاوتایان لە زۆربەی لەهجەکانی فارسـیدا هەر لە باشـووری ئەفغانسـتانەوە بگرە هەتا دەگاتە تاجیکسـتان و هیندسـتان بەراورد کردووە، تەنانەت دوکتور "نەوابی" زۆربەی وشـەکانی کتێبی درەختی ئاسـووریکی لەگەڵ زمانی ئەرمەنیشـدا (ئەگەر چی زمانی ئەرمەنی نـاچێتە خـانەی زمـانە ئێرانییەکانیشـەوە) بەراورد کردووە، بەڵام خۆی لە بەراوردکردنی وشـەکان لەگەڵ زمانی کوردیدا پاراسـتووە، ئەمە لە کاتێکدایە کە شـوێنی ڕووداوی چیرۆکەکە لە باشـووری کوردستان واتا لە (شارئاسـوور/ شارەزوور)دا بووە و مەنتێقی لێکۆڵینەوەیەکی زانسـتیی وا پێویسـت دەکا کە زمان و ناوەڕۆکی ئەم دەقانە لەگەڵ زمـان و فەرهەنگی دانیشـتووانی ئەو نـاوچەیە کە چیرۆکەکە تێـدا ڕوویـداوە بەراورد بکرێت و لێ بکۆڵدرێتەوە.

پووررداود لە ل.پ. ٧٤، هاتی ٣٠، یادداشتی ٩، لەسەر دوو واژەی "هو- دا" و "دوش- دا" دەنووسێ:

**بە واتای "نیک اندیش و بد اندیش" (خۆش ئەندیش و بەد ئەندیش) هاتووە. [کە ڕاست نییە و هەڵەیە، بە واتای "باش دان و خراپ دان/ دژ دان"ە. چونکە وشەی "دا"[20] هەم لە کوردیدا و هەمیش لە ئەویسـتاییدا ڕەگی چاوگی کاری "دان"ە]، با**

[20] Dâ = (v. rt., cl. 3) to give, to offer. Avesta Dictionary by K.E. Kanga (k253)

**لەوەی گەڕین کە واتای ئەم وشـــەیە هەڵەیە بەڵام ڕوونکردنەوەکەی پووورداود براستی جێگای سەرنجە، دەنووسێت:**

**لەســـەر وشـــەی "دا" بۆچوونی جیاواز هەیە، بڕێ کەس پێیان وایە کە لە چاوگی "دا" بە واتای "دانســـتن" (زانین)ە. بەڵام هەر وەکوو پێشـــتر باســـمان کرد لە ئەوێستادا چاوگی "زان zan" بە واتای "دانستن"ە، و لە فارسیی هەخامەنشیشدا "دان" بووە، هەر وەک لە نووسراوەبەردینەکەی داریوشی گەورە کە لە بهســـتان (بیســـتون)دا هاتووە. لە کوردیدا کە یەکێ لە لەهجەکانی ئێرانییە "زانم" لە جیاتی "دانم"ە لە فارسیدا.**

**ئەم چەند دێڕە گشـــت شـــێوەی بیرکردنەوە و بۆچوونی پووورداود و هاوبیرەکانی بەجوانی دەر دەخات لەوانە:**

**بەر لە هەموو شـتێک لێرەدا پووورداود دان بەوەدا دەنێ کە وشـەی"دان/ دانسـتن" هەم لە کوردیدا و هەمیش لە ئەوێستاییدا "زان"ە، بەڵام کاتێ وشەکانی "هو- دا و دوژ- دا" وەردەگێڕێتەوە لەســـەر بنچینەی وشـــەی "دان/ دانســـتن"ی فارسی وەریدەگێڕێتەوە و بە شـــانازییەوە دەڵێ [نگارنده هودا و دوژدا را بە نیک اندیش و بداندیش گردانیده میتوان دانا و نادان، بخرد و نـابخرد هم گفـت]. واتا من (پووورداود) "هودا و دوژدا"م، وەک بیرکەری باش و بیرکەری خراپ وەرگێڕاوەتەوە دەکرێ وەک ژیر (بخرد) و ناژیر (نابخرد)یش مانا بکرێتەوە!**

ئەمە گزکردنە (تقلب)ە، ئەمە ســاختەکارییەکی ئاشـکرایە لە پێش چاوی هەمووان، **پووورداود ئەوە دەزانێ و بۆ خۆیشـی دەڵێ کە لە ئەوێستادا وشـەی "دان/ دانسـتن" بە واتای زانین و ژیری (خرد) نەهاتووە** بەڵکوو وشەی "زان"هاتووە، کە چی لە نووسینەکەیدا دیسانەوە "دان" بە واتای زانین وەردەگێڕێتەوە. دیارە وەرگێڕانێک کە لەســەر وەها شـێوازێک بێت چ ئەنجامێکی لێ دەردەکەوێت.

- پووورداود لە ڕوونکردنەوەکەی خۆیدا ئاوا باسی زمانی کوردی کردووە:

**"در کُردی کە یکی از لهجەهای ایرانی است"** واتا "لە کوردیدا کە یەکێ لە لەهجەکانی ئێرانییە"، هەر لەم کورتە ڕســـتەیدا نووســـەر جارێکی تر تووشـــەی دەســـتتێوەردان و

بەراوەژووکردنی ڕاســتییەکان بووەتەوە و پرینســیپەکانی زانســتی شــکاندووە. مەگەر لەباری زانســتییەوە زمانێک بە ناوی ئێرانی هەیە کە زمانی کوردی لەهجەی بێت؟ گرووپی زمانەکانی ئێرانی هەیە کە زمانی کوردی و فارســیش ســەر بەو گرووپن، بەڵام زمانێک بە ناوی زمانی ئێرانی هەبوونی نییە، پووردداودیش ئەمە دەزانێ بەڵام بۆ فرۆفێڵ ئەم قسـەیە دەکا هەتا کوردی وەک زمانێکی سـەربەخۆ پێناسـە نەکا. ئەو زۆر ژیرترە لە هێندێک زمانەوان و لێکۆڵەری فارســیزمان کە هەر چەند لە کوردی تێ ناگەن بەڵام کوردی وەک لەهجەیەک لە فارسی دەژمێرن! بۆیە پووردداوود دەســتەواژە زمانی ئێرانی بەکار دێنێ هەتا کوردی لە زمانێکی سەربەخۆوەوە دابەزێنێ بۆ لەهجەیەکی ئێرانی.

٦- لە کۆتاییشــدا پێویســت دەکا بەکورتی ئاماژەیەکیش بە نووسراوەکانی فەریدونی جونەیدی (فریدون جنیدی) بکەین. جونەیدی نووسـەر و لێکۆڵەر و مامۆسـتای زمانە کۆنەکانی ئێرانییە. ئەو دامەرزێنەری "بنیادی نیشــابور"ە کە دامەزراوەیەکە کە کاری فێرکردنی زمانە کۆنەکانی ئێرانییە بە جوانەکان. لێرەدا تیشک دەخەینە سەر هێندێک لە نووسەراوەکانی کە لەسەر زمانە کۆنەکانی ئێرانی و خەتی پەهلەوی نووســیویەتی، هەتا چۆنیەتی بەراوەژووکردنی بەمەبەســتی ڕاستییەکان لە لایەن ئەم زانایەوە بۆ هەمووان ڕوون ببێتەوە.

جونەیدی لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی "نامه پهلوانی" چاپی یەکەم، تاران ١٣٦٥، ل.پ ١٦ وەهای نووسیوە:

ئێســتاکە زمانەوانان **زمانی ئێرانی** بە ســەر سێ قوناغ (دوره)دا دابەش دەکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکدی تێکەڵ نەبن.

١- "فارسیی باستان" کە پێک هاتووە لە زمانەکانی پارسیی هەخامەنشی، و زمانی ئەوێستایی کە لەگەڵ پارســیدا زۆر نزیکە، و هەروەها لە تەک زمانی کۆنی هیندی واتا ســانســکریتیش نزیکایەتییان زۆرە.

٢- "فارسیی میانە" کە بریتییە لە پەهلەویی ئەشکانی و پەهلەویی ساسانی.

٣- "فارسیی نوێ" واتا زمانی فارسیی دری لە پاش ئیسلام، کە وابوو باسەکەمان لەسەر زمانی فارسیی میانەیە.

ئەمە دەستتێوەردانێکی ئاشکرایە، بەراوەژووکردنی ڕاستییەکانە، بێ پرینسیپییە لە زانست و لە ڕەوشتدا. چاو لە تاکە تاکەی وشەکانی بکەن، جونەیدی دەڵێ: "زمانەوانەکان"، کام زمانەوان؟ لەوانەیە مەبەستی خۆی و هاوبیرەکانی بن! دەڵێ **زمانی ئێرانی،** من پێشتر ئەوەم ڕوون کردەوە کە لە باری زانستییەوە هیچ دەستەواژەیەک بە ناوی زمانی ئێرانی نییە، بەڵکوو گرووپی زمانەکانی ئێرانی هەن. جونەیدی لە دەستێوەردانێکی تردا "وشەی "قۆناغ (دوره)"ی زمانەکانی ئێرانی دەگۆڕێت و لە باتی "فارسی" دادەنێ، لە جیاتی ئەوەی بنووسێ "قۆناغی باستان، دەنووسێ فارسیی باستان، لە جیاتی ئەوەی بنووسێ قۆناغی میانە، دەنووسێ فارسیی میانە و...

هەروەها کاتێک باسی قۆناغی فارسیی باستان دەکات، زمانی ئەوێستایی کە شێوەزاری هۆزی مۆغانی مادییە و سەر بە زمانەکانی باکووری ڕۆژاوای ئێرانە وەک زمانی فارسیی باستان ناوی لێ دێنێ. هەروەها زمانی پەهلەویی ئەشکانی کە سەر بە زمانەکانی باکووری ڕۆژاوایە و لە ڕاستیدا درێژەدەر و پاشماوەی زمانی مادییە وەک زمانی پارسیی میانە ئەژماری دەکا! واتا لە بیر و مێشکی ئەم مامۆستایەدا جگە لە زمانی فارسی هیچ زمانێکی تر نە لە کۆندا و نە لە قۆناغی میانەدا و نەش لە ئێستادا لە ئێراندا نە بووە و نییە! ئەگەر ئەم بۆچوونانە پان فارسیستی نین ئەی چ بۆچوونێک دەکرێ پێ بوترێ پان فارسیسم؟ ئەگەر ئەمە دەستێوەردان و ساختەکاری نییە ئەی چییە؟

ئێستا با چاو لە بۆچوونەکانی زمانەوان ومێژوونووسی مەزن دیاکۆنۆف بکەین لەسەر ئەم بابەتە:

**مێژووی ماد، دیاکۆنۆف، وەرگێڕانی "کریم کشاورز" تاران ١٣٤٥، ل.پ. ٨٩- ٩٠:**

**"بە شێوەیەکی گشتی شیکردنەوە و تۆژینەوەی بەراوردکارانەی(تحلیل تطبیقی) زمانەکانی ئێرانی ئەم ئەنجامەی لێ دەکەوێتەوە:**

**١- گرۆی ڕۆژهەڵاتی: سکیتی- ئاسیای میانە**

**٢- گرۆی باکووری ڕۆژاوا: مادی- پارتی**

**٣- گرۆی باشووری ڕۆژاوا: زمانی پارسیی کۆن (باستان)".**

**لەوانەیە دیاکۆنۆف ئەگەری ئەم دەستێوەردان و فڕوفێڵانەی پێشبینی کردبووبێت، هەر بۆیەش لە لاپەڕەی ٥٧١ی کتێبەکەی خۆیدا دەستەواژەی "زمانەکانی ئێرانی" وەک دەستەواژەیەکی "زۆر نەگونجاو" ناو لێ دەبا و دەنووسێ:**

"زمانەکانی ئێرانی ناوێکە بۆ لقێک لە زمانەکانی هیندوئوروپی کە بریتین لە ئاسـتی (ئاسی)، ئەفغانی، فارسی، تاجیکی، کوردی، تاتی و تالێشـی و... ئەم دەسـتەواژەیە هەر چەندە **"زۆر نەگونجاوە"** بەڵام ئێسـتا وشـەیەکی ترمان نییە کە لەجێگای دانین، بەکاربردنی سـیفەتی (صفت) ئێرانی لەوانەی وای بۆ بچن کە مەبەست لە زمانی ئێستای دەوڵەت و وڵاتی ئێران واتا پارسی بێت. هەر وەک بۆ هەمووان ئاشـکرایە و دواجاریش بەوردی لە سـەری دەدوێن... دەسـتەواژەی "ئێران" وەکوو شـێوە کۆنەکەی کە "ئاریانا" بوو، لە سـەرەتادا فارسـەکانی لەخۆ نەدەگرت: بڕوانن بۆ Strabo استرابو XV، ١٠٢، و ٨".

دواجار مامۆسـتا جونەیدی لەسـەر دبیرەی پەهلەوی (خەتی پەهلەوی) وەها درێژەی پێ دەدا: (ابن الندیم) نووسـەری نامەی ڕێزداری "الفهرست" لە زمانی "روزبه پارسی (ابن مقفع)" زانای گەورەی ئێرانی دەنووسێ کە ئێرانییەکان بۆ نووسـین لە بەشـەکانی جۆراوجۆردا حەفت جۆرە خەتیان هەبووە کە بەداخەوە تەنیا سێ چەشـن لەم خەتانە بۆ ئیمە بەجێ ماون، (ابن الندیم) ناوی خەتاکانیشـی هێناوە بەڵام چونکە ناوەکانی باش ناخوێندرێتەوە، باشـتر وایە تەنیا ناوی ئەم سێ خەتەی خوارەوە لە یادتان بمێنێتەوە.

١- دین دەبیرە، کە بۆ نووسینی ئەوێستا بەکار هێنراوە و ئێستاش بەکار دەبرێت.

ئەم خەتە ٤٤ نیشـانەی هەیە، و هەر ئیسـتاش پێگەیشـتووترین خەتی جیهانە، بێجگە لە هێندێک پیت وەک "ض" یا "ع" یان پیتەکانی تایبەت بە برێك لە زمانەکانی تر کە ئەو پیتانە لە زمانی ئێرانیدا نەبووە [زۆربەی پیتەکانی تری تێدایە= نووسـەر]. لە ڕووی هەبوونی پیتەکانی "ژێدار"وە[21] لە جیهاندا هاوتای نییە. گومانی بۆ دەچێ کە ئەم خەتە لە کۆتاییەکانی سـەردەمی ئەشکانییەکاندا لە بۆ نووسینی ئەوێستا کە لەو سەردەمەدا شێوەزارێکی کۆن بووە و پێویستی بە پیتی تایبەتی هەبووە داهێنراوە، ئەم خەتە لە ڕووی خەتی "ئام دبیرە" و بە زیادکردنی ژمارەیەک نیشانە دروست کراوە.

٢- ئام دەبیرە یان هام دبیرە، کە خەتی گشتی بوو بۆ نووسینی کتێبەکان و نامەکان و هەر ئەمەیە کە ئێستا ئیمە دەیخوێنین.

---

[21] به فارسی پێ دەڵێن "حروف واکدار".

٣- **گشته دەبیره،** که بۆ نوسینی نووسراوەبەردینەکان و قەباڵەکان و دراوەکان بەکاریان دەهێنا. ئەم خەته شێوەی لە هام دەبێرە دەچێ. خەتەکانی دیکەش وەک ڕازدەبیرە یان خەتی خەسرەوی ... هەبووە کە بە دەستی عەرەبەکان تەفروتوونا کران.

لێرەشـــدا دیســـانەوە مامۆســـتا جونەیدی بە ناو هێنانی ئەم دەبیرەگەلە وەک "ئێرانی" دەیەوێ بێژێت کە ئەمانە پەیوەندیان بە زمانی فارسـی میانەوە هەیە! ئەمە ڕاسـت نییە، لە سـەردەمی ئەشـــکانییەکاندا فارســـەکان هیچ جۆرە کاریگەرییەکی فەرهەنگی و ســـیاســـییان نە لە نێو حکوومەتـدا و نەش لە نێو خەڵکی بـاکوور و بـاکووری ڕۆژاوای ئێرانـدا نەبوو. لەو کـاتەدا دانیشـــتووانی ئەو شـــوێنانە کە ئەشـــکانییەکان تێدا نیشـــتەجێ ببوون هیچ جۆرە گرفت و ئاســـتەنگێکیان نەبوو لەگەڵ زمانی ئەوێســـتاییدا کە زمانی هۆزی مۆغانی مادی بوو. ئەمەش ڕوونە کە دین- دەبیرە لە لایەن موغانی مادییەوە بۆ نووسـینی ئەوێستا لە دوایەکانی سـەردەمی ئەشـــکانییەکاندا داهێنرابوو. کە وابوو نە ئەوێســـتا و نەش دین- دەبیرە هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ خەت و زمانی پارسـی میانە (سـەردەمی ساسـانییەکان) نییە. تەنانەت لە نیوەی یەکەمی ســـەردەمی دەســـەڵاتداری ســـاســـانییەکاندا، هەموو نووسراوە بەردینەکان (کتیبەکان) و نووسراوەکانی تر کە وا گرینگ بوون بە هەر دووک شێوەی زمانی پەهلەویی ئەشکانی و پارسیک دەنووسرانەوە. ئەمەش ئەوە دەگەینی کە لە ســـەردەمی ســـاســـانییەکاندا خەڵکانی دانیشـــتووی باکوور و باکووری ڕۆژاوا لە زمانی نووسراوەکانی باشـــووری (پارســـیک) تێ نەدەگەیشـــتن، بۆیە ناچار بوون کە نووسراوە گرینگەکان بە هەر دوو زمان بنووسرێتەوە.

هەروەها جونەیدی بەپێویست نازانێ لەسەر ناوی خۆدی دەبیرەکان (خەتەکان) قسە بکات و ڕوونی بکاتەوە کە مانای چی دەدەن! چونکە یان بۆ خۆی لە واتاکانی تێ ناگا، و یان تێ دەگات بەڵام بە ئەنقەست وای پێ باشە کە بێ دەنگ بێ و خۆی لێ گێل کا! بۆ نموونە وشەی "گشتە دەبیرە/ گشت دەبیرە/ گشتک دەبیرە" وشەیەکی ئاسایی کوردییە کە واتای دەبیرەی گشتی یان خەتی گشـــتگیرە. ئەمە بۆ خۆی دەتوانێ بەڵگەیەکی بەهێز بێت بۆ نیشـــاندانی پەیوەندی ئەم خەتە لەگەڵ زمانی کوردیدا، هەر بۆیەش جونەیدی بەباشی نازانێ کە ئاماژەیەک بە واتای ناوی ئەم دەبیرەیە بکرێت.

- قسـەی کۆتایی، بە سـاختەکاری و پەردەپۆشـیی ڕاسـتییەکان نە مێژوو سـاز دەکرێت و نەش شـــانازی. زمانی پەهلەویی ئەشـــکانی ســـەر بە زمانەکانی

باکووری ڕۆژاوایە نەک بە زمانی پارسی. بە دەڵنیاییەوە دەکرێ بڵێین کە زمانی ئەشـــکانییەکان درێژەدەری زمانی مادی و یان شـــێوەزارێکی ئەو زمانەیە. لەو حەفت هۆزەی کە لە حکوومەتی ئەشـــکانییەکاندا دەســـەڵاتدار بوون، پێنج هۆزیان ( مێهران، ئەسپندیار، زیک، کارن و ئەسپهبد) خەڵکی ماد بوون. بەتەنیا هۆزەکانی ئەشـکانی و سـورێن لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ناو چەکانی ماد کۆچیان کردبوو. نە لە ڕووی تیۆریکەوە و نەش لە ڕووی واقعییەوە ئەمە ناگونجی کە بە هاتنی دوو هۆز زمان و فەرهەنگی دانیشتووانی وڵاتێکی پان و بەرین وکوو ماد بگۆڕدرێت، پێچەوانەکەی ڕاسـتە ئەمە هۆزەکانی ئەشکانی بوون کە فیری زمان و فەرهەنگی مادی بوون. زمان و دەســـتەواژەکانی کارگێڕی و بازرگانی و ســـەربازی و دینی لە وڵاتی ماددا زۆر پێشـــکەوتووتر بوون لە زمانی هۆزەکانی ئەشـــکانی و لەبەر ئەوەش کە زمانەکانیشـــیان زۆر لەیەک نزیک بوو، بۆیە هەر زوو لەگەڵ دانیشـــتووانی خەڵکی مـاددا بە یەکجـاری تێکەڵ بوون. ئەمە لە کاتێکدا کە ئە شکانییەکان نە لە باری سیا سی و نە لە باری سەربازی و نەش لە باری ئایینی و فەرهەنگییەوە هیچ پەیوەندییەکی وا یان لەگەڵ ناوچەکانی باشوور و فارسەکاندا نەبوو مەگەر تەنیا بۆ کۆ کردنەوەی باجی ساڵانە نەبێ.

لەسەر زمانی ئەوێستایی پرسەکە زۆر ڕوونتر و ئاشکراتر لەوەیە کە بتواندرێت ئەم زمانە بە فارسـییەوە بلکێندرێت. زمانی ئەوێســتایی زمانی هۆزی مۆغانی مادییە کە ئەرکی "ڕەواجدانی" ئایینی زەڕدەشـــتییان لە هەموو ئێرانی کۆندا لەسەر شان بوو.

لقی ئەوێستایی زمانی کوردی (هەورامی- زازاکی- لەکی)[22]، درێژەدەر و پاشماوەی زمانی ئەوێستاییە. خەڵکی هورامان پاشماوەی هۆزی مۆغانی مادین[23]. ئەمە ڕاستە کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا لەبەر ئەوەی کە پارسەکان لە زمانی ئەوێستایی تێ نەدەگەیشتن چەند بەشێک لە ئەوێستایان وەرگێڕاندەوە سەر زمانی پارسی، بەڵام ئەم وەرگێڕانە قەباڵەی بەخاوەنبوونی زمانی ئەوێستایی بە فارس نادات. هەر وەک چۆن قورئانیش بە چەندین زمانی جیاواز وەرگێڕدراوەتەوە بەڵام کەس نکۆڵی لە عەرەبی بوونی قورئان ناکات. لە سەردەمی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئایینی زەڕدەشتی لە ناوچەکانی باشووری گۆلی ورمێیدا، هیچ ناونیشانێک نەک لە پارس و نەش لە زمانی پارسی لە لاپەڕەکانی مێژوودا نەبوو و نییە! ئێستا چۆن دەگونجێ کە زمانی ئەوێستایی زمانی پارسی باستان بێت؟ دڵنیام کە زۆرێک ناخایەنی کە نەوەکانی مۆغانی مادی، زارۆەکانی هەورامیی زمان جارێکی دیکە کتێبی ئەوێستا لەسەر بنەمای ڕاستەقینەی خۆی و بە زمانی نیاکانی[24] خۆیان دەێخوێننەوە و دەێنووسنەوە.

لە دواییشدا بۆ ئاگاداربوونی هەمووان بە تەنیا دە وشەی ئەوێستایی لەگەڵ زمانی کوردیی هەورامی و لەگەڵ فارسیدا بەراورد دەکەم، با خوێنەر بۆ خۆی بڕیار بدا کە ئەوێستایی سەر بە کام زمانە.

---

[22] ناسنامەی زمانی کوردی، فازڵ ئوسوڵیان، بەرگی ٣، ص ٨٧-٩٣

[23] ناسنامە زمانی کوردی، فازڵ ئوسوڵیان، بەرگی ٣ بەشی هەشتم

[24] وشەی "نیاکان"ی فارسی لە کوردییەوە گیراوە، کان نیشانەی کۆیە. "نیا"کان= "پێشی"نیان". نەوەکان (ڕۆڵەکان) واتا ئەوانەی کە دواجار دێن و نیاکان ئەوانەی کە پێشتر هاتوون .

| فارسی | هەورامی | ئەوێستایی |
|---|---|---|
| جو | یۆ/ یەوە[25] | یو/ یەوە (Yava) [26] |
| خورشید | وەر/ هور[27] | وەر/ هور (Hvar) [28] |
| خواه (ماده مضارع خواستن) | واس/ واز[29] | واس/ واز (vas/ vaz) [30] |
| خوش بودن | وشیتی (وەشیەتی= کوردی) | هوشیتی/ وەشیتی (Hušiti)[31] |
| بلندی | برزی/ برزایی، (بەرزی/ بەرزایی) | برزیا/ برزاهی[32] |
| تاشنده | تاشەر | تاشەر (Tašar)[33] |
| سوخت (ماده ماضی سوختن) | سوچ [34] | سوچ (Such)[35] |
| گو (ماده مضارع گفتن) | واچ[36] | واچ (Vač)[37] |
| مرغ | کەرگ/ کەرگی[38] | کەرک (Kark)[39] |
| ماهی | ماساو/ ماساوی[40] | ماسیو/ماسیا masyô [masya] [41] |

[25] زبان هەورامی و گویش پاوەای منصور سلیمی، ص٤٩١
[26] Yava= barley (orig.); corn (k422, t117, b263), Avesta Dictionary, K. E. Kanga
[27] فەرهەنگی وشەنامە، هەورامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ١٠٠٩
[28] hvar = 20 (G) n. Sun, Avesta Dictionary by K.E. Kanga, p 606
[29] فەرهەنگی وشەنامە، هەورامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ٩٧٧
[30] vas / vaz = desire, wish/ marry, 1.87, 1.176, 3.216, Base Form Dictionary
[31] hušiti = good dwelling, comfort, safety' 2.199, 4.396, Base Form Dictionary
[32] Barezâ, barezahi = height; a mountain (k369), avesta Dictionary by K.E. Kanga
[33] <tašar-> = 'carver, fashioner, shaper, creator' 1.55
Avestan: Base Form Dictionary, Jonathan Slocum and Scott L. Harvey
[34] ماده ماضی واژە سوچان بە معنی سوختن، هەنبانە بورینە هەژار ص. ٤٢٣/ فرهنگ باشور عباس جلیلیان ص ٤٠٤
[35] یادداشتهای گاتها، پورداود، ١٣٨١، ص ٦٦،هات ٣٠، بند ٢، یادداشت ٥
[36] فەرهەنگی وشەنامە، هەورامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ٩٧٣-٩٧٤
[37] یادداشتهای گاتها، پورداود، ١٣٨١، ص ٢٥،هات ٢٨، بند ١١، یادداشت ٧
[38] فەرهەنگی وشەنامە، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ٧٧٤. بێستون فەرهەنگی سۆرانی- هەورامی ١٩٨٩ ل.پ.١٧٧
[39] A concise Pahlavi Dictionary, D.N. Mac Kenzie,1986 p 50
[40] فەرهەنگی وشەنامە، هەورامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ٨٧٣
[41] masyô [masya] =10 (N) m. fish, kanga Dictionary (k401)

## سەرچاوەکان:

- نامه فرهنگستان ٦/ ٤ يادداشتهاى پهلوى، نويسنده دكتور احمد تفضلى ترجمه جميله حسن زاده (گروه زبانهاى ايرانى).

http://persianacademy.ir/UserFiles/File/NF/24/NF-24-18.pdf

- پاپیروسهای پهلوی: شناخت و پژوهش، از انتشارات دانشگاه بوعلی سینای همدان، نویسنده دکتر رحمن بختیاری.

International Summer School in Pahlavi Papyrology, 20th-26th September 2009, Austrian National Library, Vienna.

- كتاب درخت آسوريک، نوشته دکتر ماهیار نوابی، چاپ سوم ١٣٨٦.
- دستور زبان پارتی، حسن رضائی باغ بیدی، فرهنگستان زبان و ادب فارسی، تهران ١٣٨١.
- اوستا کهن ترین سرودها و متنهای ایرانی، گزارش و پژوهش جلیل دوستخواه، جلد ٢، تهران ١٣٧١.
- مێژووی ئەدەبی کوردی، دوکتور مارف خزنەدار، هەولێر ٢٠٠١ ل.پ. ٢٣٨
- کتێبی یارسان، ئەیوب ڕوستم، چاپی یەکم ٢٠٠٦.
- یادداشتهای گاتها، ابراهیم پورداود، تهران، اساطیر، ١٣٨١.
- نامه پهلوانی، فریدون جنیدی، چاپ نخست، تهران ١٣٦٥.
- زبان هورامی و گویش پاوەای منصور سلیمی، تهران ١٣٩٢.
- فەرهەنگی کوردی- فارسی، باشوور، عەباسی جەلیلیان، هەولێر ٢٠٠٥.
- ئەوێستاناسی لە ئوروپادا

http://mazdaahoora.blogfa.com/

- فەرهەنگی پەهلەوی، مەک کەنزی

A concise Pahlavi Dictionary, D.N. Mac Kenzie,1986

- فەرهەنگی ئەوێستا، کانگا

Avesta Dictionary by K.E. Kanga, http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm

- فەرهەنگی وشەکانی ئەوێستایی، زانستگەی تێگزاس لە ئەمریکا:

Base Form Dictionary, Jonathan Slocum and Scott L. Harvey, http://www.utexas.edu/cola/centers/lrc/eieol/aveol-BF-X.html

- مێژووی ماد، دیاکۆنۆف، لە وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥.

- مێژووی ئەشکانییەکان، دیاکۆنۆف، لە وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، چاپی دووەم، تاران ١٣٥١.

- هەنبانە بۆرینە، فرهنگ کُردی- فارسی، هەژار، جلد دوم، تهران ١٣٦٩.

- فەرهەنگی وشەنامە، هەورامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠.

- ناسنامەی زمانی کوردی، فازڵ ئوسوڵیان، ٢٠١٥

- بێستون فەرهەنگی سۆرانی- هەورامی ، ستوکهۆڵم ١٩٩٨.